# ژمارەی ١٣ **هانا** سالی ١٩٩٩


١ــ بریاری ژە نراله كانی توركیا مه حكومه / سلیمان قاسمیانی ........................................ ٢

٢ــ كالای تیئوری له قه ده ر بالای سیاسه ت / حسین مرادبه یگی (حه مه سوور) ............... ٣

٣ــ دیجله ی میهره بان و روحیك / سه فین عه لی ................................................................ ٧

٤ــ كورد و ئه ورووپی و ئافره ت له نیوانیاندا / شنه عبدالله ........................................ ١٠

٥ــ ده سخوشانه له ژن كوژان / ریبوار .................................................................................. ١٥

٦ــ شیعر: موا مارتینسون، نزار القبانی، پییه ر لویس، شنه رانیه یی، شاهو پیرخضرانیان ......... ١٧

٧ــ شیعری "ژنانی پارچه چنی جیهان" به پیتی لاتین / ریبوار ............................................ ٢٧

٨ــ شورشی مارسی ١٩٢٠ له ناوچه ی روور له ئالمانیا / سه لام عبدالله ئیبراهیم ................. ٢٨

٩ــ كچی به یان / فایق عبداللهی ............................................................................................ ٣٠

١٠ــ بابه تی سه ره كی له فه لسه فه دا / ئافاناسیف / حه مه عه لی حه سه ن ........................ ٣٤

١١ــ پیخه ف / چیروك ............................................................................................................ ٣٦

١٢ــ دوو كورته چیروك / عه باس شوان ................................................................................ ٤١

١٣ــ به پیوه بمنیژن (رانانی كتیب) ئاسو ........................................................................... ٤٢

١٤ــ پرسه ی دینی تاكه ی / كاروان عبدالله ...................................................................... ٤٥

١٥ــ دوا روژگیرانی سه ده ی بیست و خورافه گه ران / سه ردار عبدالله ................................... ٤٧


***

هەواڵنامەی کتێب

# بڕیاری ژەنراڵەکانی تورکیا مەحکوومە

سلیمان قاسمیانی

حوکمی مه رگی دادگای به ناو "غه یره نیزامی" تورکیه، بو عبدالله ئوجه لان مه حکومه. ده وله تیک که سه راپای وجوودی له سه ر تیروریزم ساغ بووه ته وه؛ ده وله تیک که ئینکاری وجوودی خه لکیکی ١٢ میلیونی ده کات، ده وله تیک که به ئاشکرا خەریکی کوشتو بری خەلکی کورد و هەر دەنگیگی ئازادیخوازانەیە ، دەولەتیک که بەو پەری بی شه رمی یه وه خه ریکی رفاندنی ئینسانه، ناتوانی و بوی نیه له پشت میزی داوه ری دانیشیت و حوکمی خه لک بدات بو ئه و شتانه ی که خوی سه رچاوه که یه تی.

دەولەتی تورکیە دەیەوی خەباتی رەوای گەلی کورد لە تورکیە و ریکخراوی پ.ک.ک بە یەک شت بنوینیت و به خه یالی خویان به دوای رفاندن و ده سگیرکرانی رابه رانی ئه و ریکخراوه مه رگی شورش و خه بات بو ئازادی و به رابه ری رابگەیینن. بەلام ژنرالەکانی تورکیا بە هەلەداچوون! ئەوە ریکخراوی پ. ک. نیه که خه باتی ئازادیخوازانه ی له کوردستان هه لگیرساندووه، تا به ده سگیرکران و له به ین چوونی رابه ره کانی ئه و ریکخراوه، مه رگی خه باتی ئازادیخوازانه و یه کسانی خوازی رابگه یینن‌دری! "پ. ک. ک" نه ک سه رچاوه ی جولانه وه ی ئازادیخوازانه، به لکو ئاکامی ئه و خه باته یه که به هوی دیکتاتوری ره شی تورکیا له کوردستان به رده وام له ناو جه ماوه ره ی خه لک دا هه بووه و سه ری هه لداوه.

بە مەرگ مەحکومکردنی عبدالله ئوجەلان، کرداریکی دژی ئینسانی‌یە و لە ئەسل‌دا رووی لە جوولانەوەی ئازادیخوازانە بە گشتی و خەلکی ئازادیخوازی کوردستان بە تایبەتی‌یە. دەسەلاتدارانی تورکیا بە م هیرشه ی خویان ده یانه وی فاتیحه ی هه ر هه ستیکی به رابه ری خوازانه له تورکیا به گشتی و له کوردستان به تایبه تی بخوینن و وابکه ن که خه لک چوک دابدات و به یه کجاری مل که چی ده سه لاتی ره ش و دژی ئینسانیان بیت.

چه ند روژیک دوای مه حکوم به مه رگ کرانی سه رکرده ی "پ . ک . ک" له لایه ن تورکیاوه، عبدالله ئوجه لان، داوای له هیزی چه کداری ریکخراوه که ی کرد که ده ست له خه باتی چه کدارانه هه لگریت و هیزه کانی به ته واوی و به یه کجاری خاکی ئه و ولاته به جی بیلین. دیاره که خه باتی چه کداری خوی له خوی دا شتیکی پیروز نیه. گرنگ ئامانجه کانی ئه و خه باته یه که چه کی بو هه لگیراوه. دونیا پره له هیزی چه کداری ته واو کونه په رست که خه ریکی خه باتی چه کدارانه ن بو داسه پاندنی ده سه لاتی ره ش و کونه په رستانه یان. "پ . ک . ک" به سیاسه تی به ئاشکرا ناسیونالیستی و هه لخراندنی نەفرەتی کویری دژ بە تورک، بە هەلگوتنی دەماوەمی بە دیکتاتورەکانی، سوریا و عیراق، بە داواکردنی لە خوپیشانده رانی شورشگیری کوردستانی ئیران که ده س له دژایه تی له گه ل ده سه لاتدارانی جه للادی کوماری ئیسلامی هه لگرن، به پاکانه کردنی بو کونه په رستی ئیسلامی، به ده س دانه تیروری موخالفینی سیاسی، دووری خوی له هه ر نه وعه رادیکالیسمیکی پیشره و، جار له گه ل جار پیشان داوه. سه ر ه رای ناوی "کریکار" ئه م ریکخراوه هه رگیز فری به سه ر کریکارو ه نه بووه و له ئالاهه لگریکی ناسیونالیسمیکی دواکه وتوو واتر شتیکی تر نه بووه.

راگەیاندنی دەست‌هەلکرتنی پ.ک.ک لە خەباتی چەکداری لە کوردستانی تورکیا، ئیعلامی چوک‌دادانی ئەم ریکخراوه یه بو ژنراله کانی تورکیا تا به لکوو به م شیوه یه ده سه لاتدارانی تورک له سفره ی ده سه لاتی خویناوی یان به چه ند پارووپه ک میوانیان بکه ن. چه ک دادانانی پ. ک. ک دیاری یه کی شیرین و خوازراو بووه دیاری یه ک که لانی که م له باری ته بلیغی و ره وانی به وه سه رکه وتنیکی تر بوو بو ژنراله کانی تورکیا.

***

# "کالای تیئوری لە قەدەر بالای سیاسەت"

**سە رنجیک لە سە ر هە لویستی عەباس وە لی بە رانبە ر بە خە باتی خە لکی کوردستانی ئیران**

حسین مرادبیگی (حە مە  سوور)

لە رۆژەکانی ٢٨ و ٢٩ی جولای ١٩٩٨ دا کونفرانسیک لە لایەن "ئەنستیتوی کورد" لە واشنگتن لە ژیر نیوی "سەبارەت بە قەیران و جیبەجی کردنی کیشە لە کوردستان" بەرپاکرا کە عەباس وەلیش تییدا بەشداری کردبوو. عە باس وە لی لە و کونفرانسە دا وتاریکی لە م بارە وە هە یە کە دە قی وتارە کە ی بە زمانی کوردی تە رجومە  کراوە تە وە و لە گوفاری "گزینگ"، ژمارەی ٢١، پاییزی ٩٨، لە ژیر نیوی "مەسەلەی کورد و قەیرانی سیاسی لەئیران"دا بلاو کراوە تە وە.

کاتیک لە عە باس وە لیان دە پرسی بو قسە لە سیاسە ت ناکە ی، دە یوت من کاری "تیئوری" دە کە م. ئیستاش کە قسە ی لە سیاسە ت و لە مە سە لە ی کورد کردوە، سە رە رای دە ربرینی کینە و بوغزی خوی بە رانبە ر بە بزوتنە وە ی کومە لانی خە لکی کوردستان بو رزگاری لە دە ست ستە می نە تە وایە تی، بە راستی سە تحی بوون و بی مایە بوونی خوی لە م بوارە شدا بە هە موان نیشان داوە. بە کوردی دە لین: "کالا لە قە دە ر بالا"!

عە باس وە لی لە و وتارە دا هە موو لیهاتوویی سیاسی خوی بە کارهیناوە و دە لی: "من دە بی بە راشکاوی یە وە بلیم کە مە سە لە ی کورد لە ئیران بریتی یە لە حاشاکردن لە هوویە تی کوردی لە لایە ن دە سە لاتداری حاکم.."، گزینگ، ژمارە ٢١.

وە ک هە میشە، عە باس وە لی پیی وایە ئە وە یە کە م جارە لە سە ر مە سە لە ی کورد قسە دە کری و ئە و شتیکی تازە ی لەم بارەیەوە کەشف کردووە! عەباس وەلی لەجیاتی ئەوەی لانی کەم بە روشنی بلی مەنزوری لە "حاشاکردن لە هوویەتی کوردی" چیە، یان بلی ئەوەی ئەو پیی دەلی "حاشاکردن لە هوویەتی کوردی" لە کوردستان خوی لە داسە پاندنی چ چشنە ستە میک بە سە ر خە لکی کوردستاندا دە نوینی و ئە وە کە داخوازی بو لابردنی ئە م ستە مە لە ٥٠ سالی رابردوودا، بو حوکمی ئیعدام و پاشان داسە پاندنی شە ر و کوشتاری بە سە ر خە لکی کوردستاندا بە دوادا هاتووە؛ دە ست دە کا بە باسیکی سە تحی و بی رە بت لە بارە ی ناسیونالیزمی تیروتوریال و خودمختاری و سە رئە نجام خوی لە جوابدانەوە بەم باسە "تووش و ئالوزە" رزگار دەکا و دەلی ئەوەی خودمختاری لە چوارچیوە ی ئیراندا بوی، حە قی قەومی دەوی! ئەمە بوو هەموو راشکاوی و زانستی ئەم کابرایە کاتیک کە مەسە لە کە دە گاتە ئاستی دە ربرینی نە زە ری روشن و تایبە ت بە مە سە لە ی کورد لە ئیراندا.

بوونی ستە می نە تە وایە تی و هە روە ها کیشمە کیش و بە ربە رە کانی بە ردە وامی نیوان ناسیونالیزمی کورد لە لایە ک و سەرکوت و داسەپاندنی شەر و کوشتار لە لایەن ناسیونالیزمی مەزنخوازی ئیرانی، لە قالبی دە ولە تی ناوە ندیدا، مەسەلەی کوردی لە کوردستانی ئیران کردووەتە مەسەلەیەکی نەتەوایەتی و ئەم مەسەلەیەی بە دەسەلاتی سیاسیەوە گری داوە. خەلکی کوردستان کە بوونەتە قوربانی ئەم بەربەرەکانییە و دە یان موسیبە تیان بە سە ر هاتوە حە قی رە وای خویانە کە خوازیاری لابردنی فە وری ئە م ستە مە و کوتایی هینان بە سە رکوت و لە شکرکیشی دە ولە تی ناوە ندی (جمهوری ئیسلامی) بن؛ خە باتی بوبکە ن و رییان بدری بوخویان راستە وخو چارە سە ری ئە م مە سە لە یە بکە ن و خویان چارە نووسی سیاسی کوردستان دیاری بکە ن. هە ر کە س ئە م راستیە نە سە لمینی یان بیهە وی بیشاریتە وە، یان

هەواڵنامەی کتێب

خوی فریوده‌دا و یان وه‌کو عه‌باس وه‌لی به شیوه‌ی رووناکبیرانی لایه‌نگری چینی ده‌سه‌لاتدار خول ده‌کاته چاوی کومه لانی خه لکی کوردستان و ده ستی حاکمانی جمهوری ئیسلامی له دریژه پیدان به کوشتار و باقی موسیبه ته کانی خه لکی کوردستان ئاواله راده گری.

عه باس وه لی له م وتاره دا، له شه ری جمهوری ئیسلامی له دژی کومه لانی خه لکی کوردستان و له به‌رهه لستی خه لک به رانبه ر به م شه ره، له جمهوری ئیسلامی پشتیوانی ده کا و له جیاتی ریگا چاره بو "مه سه له‌ی کورد"، به راشکاوی له فکری ریگا چاره دایه بو نه جاتی جمهوری ئیسلامی له بوحرانیک که سه رتاپای له شی چه په لی داگرتوه.
ناوه‌روکی ئه‌م وتاره‌ی عه‌باس وه‌لی، سه‌ره‌رای دریژدادری بی که‌لک و بی ره‌بت، ریک له دیفاع له جمهوری ئیسلامی داریژراوه. عه‌باس وه‌لی ده‌لی خه‌باتی ئه‌م بیست ساله‌ی کومه‌لانی خه‌لکی کوردستان له دژی جمهوری ئیسلامی بی که‌لک و تاوانبارانه بووه و بو قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ی ئه‌م تاوانه پیویسته نه ک له دژی جمهوری ئیسلامی به لکو به لایه نگری له جمهوری ئیسلامی بکه ونه شوین بالی ئاغای خاته می. به م بونه وه تاوانی کون و نویی جمهوری ئیسلامی به پیی خه‌لکی کوردستان ده‌نووسی؛ به‌رانبه‌ر به جمهوری تاوانباری ئیسلامی نه رم و نیان ده دوی، به لام به رانبه ر به کومه لانی رزگاریخوازی کوردستانی ئیران توند و تیژ و قیناویه.
عه باس وه لی ده لی ده بی ستراتیژی شه ری چه کدارانه وه لابنین، ده لی شه ری چه کدارانه نیگاتیف و غه یری ئه خلاقی یه و بووه ته هوی وابه سته یی به یه کیک له خراپترین و جه نایه تکارترین دیکتاتوریه کانی جیهانی هاوچه رخ. ده لی خه باتی چه کداری له مپه ریکی سه ره کی بووه له سه ر ریی پیشه وه چوونی سیاسه تی داهینه رانه له کوردستاندا...؛ ده لی داوا کردن له خه‌لک بو چه‌ک هه‌لگرتن، بی ستراتیژیه‌کی کاریگه‌ری سیاسی(!) ...؛ نه‌ک هه‌ر سیاسه‌تیکی خراپ به‌لکو تاوانکارانه شه؛ ده لی ده بی ده ست له بانگه وازی دروشمی رووخاندنی رژیم له ئیران هه لبگرن.. (گزینگ، ژماره ۲۱)

له نه‌زه‌ر عه‌باس وه‌لی‌یه‌وه کومه‌لانی خه‌لک له کوردستانی ئیران که شان به شانی باقی کومه لانی خه لک له سه راسه ری ئیران بو به دیهینانی ئازادی و ریفاهی کومه لایه تی له دژی رژیمی شا هاتبوونه مه یدان، به دیهاتنی ئازادی و ریفاهی کومه‌لایه‌تی به‌لایانه‌وه فه‌رز بوو، حه‌قیان بوو ساواکیان نه‌وی، حه‌قیان بوو سته‌می نه‌ته‌وایه‌تیان له‌سه‌رلاچی، ده‌یانویست زیندان و شکه‌نجه و ئیعدام نه‌مینی؛ له مالی خویان دانیشتبوون و چاوه‌روانی جی‌به‌جی‌کردنی ئه‌م حوکمانه بوون، که‌چی هیندیک مه‌لای تاوانبار و بوگه‌ن که به هوی ریککه وتنی ده وله تانی ئه‌مپریالیستی غه‌رب و له سه‌رشانی بیر و بوچوونی که‌سانی وه‌کو عه‌باس وه‌لی کران به ئالترناتیو بو سه رکوتی خویناوی ده سکه وته کانی شورشی ۵۷ له سه راسه ری ئیران، به ته واوی هیزه وه هیرشیان کرده سه ر کوردستان؛ هه موو شار و دیهاتی کوردستانیان به توپ و خومپاره و بمب کیلا؛ قه‌تل عامی بی به‌زه‌ییانه یان له قارنا و قه لاتان و ئیندرقاش وه ری خست؛ له شاری مهاباد و سنه و باقی شاره کانی تری کوردستان ده سته ده سته لاوانیان دایه به رگولله و ناچار خه لکی کوردستانیش به رانبه ر به م هیرشه درندانه یه ده ستیان دایه مقاوه مه ت.
له نه زه ر عه باس وه لی یه وه کومه لانی خه لکی کوردستان تاوانبارن و ناحه ق، به لام جمهوری جه نایه تکاری ئیسلامی که ئیعلامی شه ری دا به خه لکی کوردستان، ئیعلامی شه ریک که ئیستاش هه ر به رده وامه و ئیستاش کوردستانی ئیران به ته واوی میلیتاریزه یه، حه قداره و شاکی!!

له نه زه ر عه باس وه لی یه وه ئه وه کومه لانی خه لکی کوردستانن که ده بی شه ر له دژی جمهوری ئیسلامی راگرن؛ بلین جمهوری ئیسلامی ناروخینن، بلین نه گبه تی ئیسلامی یان ده وی! نه ک جمهوری تاوانباری ئیسلامی که ده بی به شه ر و کوشتاری له دژی خه‌لکی کوردستان کوتایی بینی، هیزه سه‌رکوتگه‌ره‌کانی ده‌ستبه‌جی له کوردستان به ریته ده ر و

کوتایی به میلیتاریزه بوونی کوردستان بینیت.

عەباس وەلی لەجیاتی ئەوەی داوا بکا جمهوری ئیسلامی بە شەری بیست سالەی لە دژی کومەلانی خەلکی کوردستان و بە میلیتاریزە بوونی کوردستانی ئیران کوتایی بینی، ریکخراوە سیاسیە کان و کومە لانی خە لکی کوردستان تاوانبار دەکا کە بوچی دژی جمهوری ئیسلامی شەر دەکەن و بو دەست لە دروشمی رووخانی جمهوری ئیسلامی هەلناگرن!

ئەمرو لە کوردستان تەنانەت هەر منالە مەدرەسەیەکیش دەزانی کە میلیتاریزە بوونی کوردستانی ئیران و دانانی دە یان پیگە و پوستی بازرە سی لە لایە ن رژیمە وە، بە تایبە ت لە کاتی دە ست پیکردنی هە ر جم وجولیکی سیاسی لە شارە کان لە لایە ن کومە لانی خە لکە وە، نە ک راستە وخو لە ترسی فشاری نیزامی ریکخراوە سیاسیە کان یان هە لگرتنی دروشمی شە ری چە کداری لە لایە ن ئە وانە وە، بە لکو لە ترسی خروشی جە ماوە ری دل پر لە قینی کوردستانە بو رووخاندنی حکومەتی تاوانبار و چە پە لی ئیسلامی و بو کوتایی هینان بە نە گبە تی ئیسلام. خامە نەیی و خاتە میش دە زانن کە خەلک لە رژیمی ئیسلامی بیزارن و جمهوری ئیسلامییان ناوی. دەزانن خەلک خویان بریاری رووخاندنی جمهوری ئیسلامییان داوە و بو جیبە جی کردنی ئە م بریارە دە ست بە کار بوون.

عەباس وەلی خوی لەم راستییە گیل دەکا، دیت و بە شیوەی بیست سال لەوە پیشی رابە ری حیزبی تودە موری تاوانکاری لە موقاوە مە تی چە کدارانە ی کومە لانی خە لکی کوردستان بە رانبە ر بە هیرشی جمهوری ئیسلامی دە دا بو ئە وە ی خە باتی سیاسی جە ماوە ری شارە کان لە کوردستانی ئیران کە ماوە ی بیست سالە لە دژی حکوومە تی جمهوری ئیسلامی و لە بەرانبەر داسەپاندنی یاسا دژی بەشەریەکانی ئەم رژیمە دا شە و وروژ بە ردە وام بووە و هە ر ئە و خە باتە لە دریژە ی خوی دا هە رە سی بە جمهوری ئیسلامی هیناوە، پی شیل بکات.

عە باس وە لی بە مە ش رازی نیە و بە بی شە رمی یە وە دە لی لە داهاتووشدا خە باتی سیاسی کومە لانی خە لک تە نیا کاتیک مەشروعیەتی هەیە کە لەگەل جمهوری ئیسلامی و بەپشتیوانی لە ئاغای خاتمی بی. لە نەزەر عەباس وە لی یە وە ئە وە ی کە کومە لانی خە لکی کوردستان لە ماوە ی ئە م بیست سالە دا لە دژی حکومە تی ئیعدام و سە رکوت و سە نگسار و دژی ژندا کردوویانە تاوانکارنە یە و لە وە دواش تاوانکارانە دە بی ئە گە ر کومە لانی خە لک لە کوردستانی ئیران بە پشتیوانی لە جمهوری ئیسلامی و لە هە مان یاسا نە کە ونە شوین سە ید محە مدی خاتمی، چونکو عە باس وە لی پیی وایە شنە ی ئازادی لە درزی عە با و مە ندیلی ئە م سە یدە وە دی!

ئە مە یە ناوە روکی گە ندە لی بوچوونی سیاسی عە باس وە لی بە رانبە ر بە خە باتی رزگاریخوازانە ی خە لکی کوردستان بو لابردنی ستە می نە تە وایە تی و بە دیهینانی بە رابە ری! ئە م تە بلیغاتە چ فە رقیکیان هە یە لە گە ل تە بلیغاتی حیزبی تودە لە کاتی هاتنە سە رکاری خومە ینی و هیرشی بو سە ر کوردستان! ئە وکاتە ش حیزبی تودە و پاشان "چریکی اکثریت" دە یانوت هە ر کە س لە کوردستان "فرمانە کانی ئیمام بە ریوە نە با"، تاوانکارە!

عەباس وەلی لیرەشدا دو دەیە لە دوایە، بە بی ئەوەی بەرووی خویدا بینیتەوە. ئە و هە لویستە ی ئە و بە رانبە ر بە خە باتی خە لکی کوردستان گرتوویە تی، هە لویستی رابە ری حیزبی تودە ی ئیران بووە لە بیست سال لە وە پیشە وە، هە ر چەند رابەری حیزبی تودە جورئەتی نەدەکرد بەم زەقیەی ئیستای عەباس وەلی بیهینیتەگور، بەلام هەر وەک ئاگادارن غەیری نەفرەت و بیزاری خەلکی کوردستان بەرهەمیکی تری بویان نەبوو. عە باس وە لی بیست سال پاش حیزبی تودە هەلویستی حیزبی تودە دوپات دەکاتەوە، ئەویش لە کاتیکدا کە کومە لانی خە لک لە کوردستان و لە سە راسە ری ئیران بو رووخاندنی نە گبە تی ئیسلامی کات ژمیری دە کە ن. ئە وە ی حیزبی تودە بیست سال لە وە پیش بوی

نەفروشرا، ئیستا عەباس وەلی دیەوەی لە بەستەبەندی تازەدا بیهینیتەوە بازار. بەلام بیفایدەیە، عەباس وەلی بە هە لە دا چووە ئە گە ر پیی وابی لە ژیر نیوی خە بات بو "ریفورم و قانون" ی ئاغای خاتە می دا هە لیکی باشتری لە کیانوری بو درە ربرینی قین و بوغزی خوی بە رانبە ر بە خە باتی خە لکی کوردستانی ئیران لە دژی جمهوری ئیسلامی و بو لابردنی ستە می نە تە وایە تی، بو رە خسیوە.

ئە و ئاکادیمیسیە نە ی کە دە لی من کاری تیئوری دە کە م و لە سیاسە تدا دە خالە ت ناکە م، لە ر والە تدا دیە وی بلی من بی لایە ن قە زاوە ت دە کە م. بە لام لە راستیدا دیە وی بە م جورە عە یب و هونە ری خوی لە چاوان داپوشی. کە چی هە ر ئە م ئاکادیمیسیە نە "بی لایە نە" کاتیک لە سیاسە تدا دە خالە ت دە کا هە م عە یب و هونە رە کانی لە مە یدانی تیئوریدا روودە کا و هە م راگە یاندنی بی لایە ن بوونە کە ی لە شە ری چینایە تی و لە مە سایلی کومە لایە تیدا دە بیتە راگە یاندنی ریاکارانە ی لایە نگر ی لە چینی دە سە لاتدار.

هەموو هونەری کاری تیئوریکی عەباس وەلیش لە چەند سالی رابردوودا بریتی بووە لە بردنە ژیر پرسیاری هیندیک مە فروزاتی ناسیونالیستی. ئە م کابرایە لە ماوە ی بیست سالی رابردوودا کە کومە لانی خە لکی کوردستان شە و و روژ لە گە ل جمهوری ئیسلامی دە رگیر بوون، لە گویی گادا نوستبوو بە لام لە ناکاو لە فە زای پاش شە ری سارد دا، بە بای فشەی بورژوازی غەرب لە دژایەتی کومونیزم و لەمەر "کوتایی میژو" کەوتە سە ما و کور وکومە لی داماو و بە بن بە ست گە یشتووی روناکبیرانی کوردی ناسیونالیست لە دە رە وە ک نە جاتدە ریان لە ئاسمان را بو داکە وتبی باوشیان بوگرتە وە.

عە باس وە لی بە کە لک وە رگرتن لە و فە زایە ئە وکات کە دە یوت کاری "تیئوری" دە کات، هات و لە دوو سیمیناردا زەقترین و ناحەزترین قسەی بە کومونیستەکان وت و بەمجورە بوغز و کینەی خوی بەرانبەر بە کومونیستەکان هە لرشت. عە باس وە لی لە مە یدانی "تیئوری"دا بە دە ربرینی بوغز و کینە ی بە رانبە ر بە کومونیستە کان و ئیستاش لە مە یدانی سیاسە تدا بە دیفاعی پر بە پری لە نە گبە ت و کونە پە رستی ئیسلامی و بە دژایە تی لە گە ل خە باتی خە لکی کوردستان بە رانبە ر بە جمهوری ئیسلامی و بو لابردنی ستە می نە تە وایە تی، ئە م ئالقە یە ی تە کمیل کرد و نیشانیدا کە وە کو ئالقە لە گوی یە کی بی قە در و قیمە ت لە بە رە ی دیفاع لە کونە پە رستی و خورافە دا راوە ستاوە.

***

## بیرەوەری **دیجلەی میهرەبان و روحیک** بیرەوەری

سەفین عەلی

دیجلە، ئەو شادەمارە پر بەرەکەتەی میزوپوتامیا، هەمیشە کانگای ژیان و فینکی بووە و کە نارە کانی هە زارە ها چیروکی عەشق و دابران دەزانن. هەروەها گوریکی خەمناک و سامناک و شاراوە بووە بو چە ندین مروف و چە ندین حیکایە تی تاوان. لە هە شتاکان، دیجلە مانگانە دە یە ها لاشە ی لە باوە ش دە گرت: پیاوی کوژراو، خوکوژان، کچان و ژنانی زە وتکراو و خنکینراو، کریکاری میسری، سە ربازی راکردوو لە جە نگی ئیران و عیراق... وە هە روە ها مە نزلگای چە ندین گە نج بوو لە و کچ و کورانە ی کە لە رووبە روو بوونە وە ی داب و نە ریتە دواکە وتووە کانی کومە لگا شکستیان دە هینا و چیروکی عە شقیان لە وی دە ناشت.

لیرە دەمەوی دەقی ئاخرین نامە، "وەسیەتنامە"ی دوو عاشقتان بخەمە بەرچاو کە لە ژووری **٥٠٨** لە ئوتیلی "زومەرەد" لە شاری بەغدا جییان هیشتبوو. دەمەوی لیرە ئەو هاوارە لالە بخویننەوە کە لە سپیدەی روژی **١٤_١_١٩٨٦** ئە و دوو ئینسانە جییان هیشتبوو، دوای ئە وە ی کە س وکاریان هە موو دە رگاکانیان بە روو داخستن کە بتوانن بە سادە یی پیکە وە بژیە ن... ئیتر بریاریاندا جە ستە ی خویان لە دیجلە بچینن.

شایانی باسە، ئەو دوو عاشقە "سەروەر ئەحمەد" و "بەیان محمد" دوو خویندکاری زانکوی بە غدا بوون و لە سالی کوتایی خویندندا بوون. "سە روە ر ئە حمە د"، روشنبیر و چیروک نووسیکی بە توانا بوو بە زمانی عە رە بی، خە لکی هە ولیر بوو، کومەلە چیروکیکی چاپکراوی هەیە بە ناوی "دخان الغرفە" و لە سالی **١٩٨٥** بلاو بوتە وە و خویندکاری بە شی زمانی تورکی بوو. "بەیان محمد"یش رووی گەش و سیمای خوشەویستی خویندکارانی بە شی ئینگلیزی کولیژی ئە دە بیات بوو و خە لکی سلیمانی بوو.

هەواڵنامەی کتێب

**تیبینی:**

* لە دە قی نامە کە دا باس لە رووبار دە کری، مە بە ست دیجلە یە.

* "رزگار" برایە کی "سە روە ر" بووە، کریکاری کارگە ی کاشی بوو لە هە ولیر، مە کینە کانی کارگە لە رووداویکدا گیانیان لی سە ندە وە.

* ئە م دوو عاشقە دوای ۹ مانگ لە پە یوە ندیە کە یان خویان کوشتووە.

* دە قی ئە م نامە یە بە عە رە بی نووسراوە؛ لە ریگای برادە ری شاعیر، فاضل عبداللە، دە ستم کە وتووە و وە رم گیراوە بو کوردی.

## بەیانیتان باش پیاوماقوولان!
## ئیوارەتان باش خانمەکان!

لە وە ئە چی هە ندیکتان وا تیبگە ن، ئیمە پە نامان بردوتە بە ر خوکوژی، بو ئە وە ی لە تەنگ و چە لە مە یە ک رابکە ین، یان لە ترسی حە یاچوونیک... ئیمە ئە سلە ن خومان بە وە خە ریک ناکە ین کە رووی قسە مان بکە ینە ئە م "هە ندیک"ە

گه مژه و "هیچ"ه. ئیمه خومان ده کوژین چونکه عه شقی ئیمه گه لی مه زنتره له وه ی ئه م جیهانه زه مینیه بیگریته خو، وه له به ر ئه وه ی دلسوزیمان بو عه شقه که مان و ده ست پیوه گرتنمان به به رده وام بوونی، له پیشه وه ی هه موو شته کانی تره و له هه موشیان گه وره تره لامان.

له روژی چوارده هه م له مانگی چواره می سالی **١٩٨٥** ئیمه "به یان و سه روه ر" بریارمان دا تا هه تایه یه کترمان خوش بوی، ته نانه ت له مردنیشا به یه که وه بین. له مه رگه سات، ئه و کاته ی که ئیتر له وه ده رباز ده بین که دوو روحی قه تیس ماو بین له دوو جه سته دا، ئیتر بو دووباره ده بینه وه به یه ک روح، وه ک جاران پیش له دایکبوونمان، که ئیمه ی له یه کتر ترازاند... ئیتر جاریکی تر پیویستمان به **٢٥** سال بوو، پر له سوراخ و گریان و چاوه ری کردن بو ئه وه ی بگه ینه وه به یه ک "ئه و کاته هه ردووکمان گریاین، چونکه هه ریه ک له ئیمه ئه وه ی تری د ه ویست، به لام ئه وان له ئیمه و له م به یه ک گه یشتنه، نه گه یشتن."

عه شق، هونه ری خوحه شاردانه. ئیمه ئه م هونه ره مان پیاده کرد تا هه لپرووکاین! چونکه حه شاردانی دوو جه سته و شاردنه وه ی له چاوه کان کاریکی ئاسان نیه... به تایبه تی جه سته ی ژن و پیاویکی روژهه لاتی... ئیستا، که ناخمان پره له بیز کردنه وه له هه موو ئه وانه ی به دواماندا ده گه رین و مه به ستی خراپه کارییان هه یه و دزیوکاریمان له گه ل ده که ن و شوین پیمان ده که ون... ده مانه وی به یه کجاری خومان بشارینه وه، عه شقیش هونه ری خو بزرکردنه. عه شق، دابران و ته ریکی کامله. ئیمه تا دوایین تنوکی توانامان تیایدا ژیاین؛ هه تا ده سته وه ستان ماینه وه که ئیتر چی بکه ین به هوی ئه و شپرزه ییه بیزراوه ی که گه ماروی داوین. ئیمه ده مانه وی ئیتر له دابرانیکی ته واودا بژیه ین، خوشه ویستیش دابرانه، لیواولیو دابرانه... ئیمه خوکوژی ده که ین، به لام نامرین، به لکو چاوهه لدینین.

ئیستا ئیمه له ژووری ژماره **٥٠٨** له ئوتیلی "زومه ره د" داین. پیش توزی "به یان" خه وت و منیش "سه روه ر" له روشنایی شه ش موم که بو "رزگار" دامان گیرساندبوو، ئه مه ده نووسم... له ریگای هاتنمان بو به غدا، له که رکووک گه راینه وه بو هه ولیر. مومه کانمان کری بو ئه وه ی له سه ر گوره که ی دایگیرسینین. چونکه گولمان ده ست نه که وت، دواتر له هه ولیر ده ستمان که وت، به لام بومان نه کردرا، چونکه گران بوو؛ **٣٥** دینار بو چه پکی گولی ده ستکرد. به هه ر حال نه شمان توانی سه ر له گوره که ی بده ین. ئه وه بوو چه ند مه تریکمان مابوو بگه ینه ده رگا چول و بیکه سه که ی گورستانه که گه راینه وه، ئه و به یانی یه... له ترسی... زیندووه کان.

"به یان" به دلنیایی یه وه نوستووه، له خه ویکی قوول دایه. له م ئاخرین شه وه مان که ئه مه چواره مین شه ومانه پیکه وه به سه ری ده به ین دوای بریاره شه هیدانه که مان.

دوینی سه عاته کانمان فری دایه ناو رووبار: ئه وه ریگایه ک بوو که به ته مابووین هه موو ٤/١٤یک پیاده ی بکه ین بو یادکردنه وه ی په یوه ندبه ستنه هه تاهه تاییه که مان... به لام کاتمان که مه و نه ماوه و ٤/١٤یش زور دووره.

ئیمه دلمان خوشه به وه ی سبه ینی ده مرین، روژی چوارده هه م له مانگی یه که می ١٩٨٦. کورپه له پیویستی ته نها به نو مانگ هه یه بو ئه وه ی له دایک بی، ئیمه ش هه روه ها...

قینمان له که س نیه، من بو خویشم رقم له وانه ش نیه که خراپه کارییان له گه لدا کردووم. هیوام وایه ئه وانه ی که منیش ناره حه تم کردوون لیم ببوورن. ئه گه ر ویستیان، به لام من قه ت له وانه خوش نابم که ده ستیان هه بووه، ئه گه ر توزیکیش بی، له وه ی ئه م ئازار و مه ینه ته ترسینه ره یان خولقاندووه بو ئه و روحه بی گه رد و بی تاوانه ی دولبه ره که م "به یان" که به دریژایی ئه م نو مانگه دا تیایدا ژیاوه.

ئیمه به ئاشکرا ئومیده بچکوله کانی خومانمان چاولی بوو که ورد و خاش ده بوون: «ژووریکی گه رم، میزیک چرایه کی له سه ربی، قاوه، خواردنیک به یان سازی بکات، منالیک ناوی بنیین رزگار، یان سروه، پیاسه یه کی ئیواران به پاسکیل به که ناری رووبار...» به لام هیچ هیزیک بوی نیه ئومیده گه وره که مان تیک بشکینی: ئه ویش ئه وه یه که به یه که وه بین هه تاهه تایه، که قه راره سبه ی به یانیه که ی به ده ستی بهینین.

ئاخرین داوای بچکوله مان ئه وه یه که لاشه کانمان له نیو روبار جی بیلن، چونکه به یان له گور ده ترسی. هه ردووکیشمان حه زمان له رووباره. ئه گه ر نه شکرا، تکا ده که ین به ته نیشت یه که وه و له نزیک رووبار بمان نیژین.
هیوام وایه دایکم بمبه خشی. من ده رهه ق به دایکم که مته رخه م بووم و ئه ویش زور ئازاری چه شتووه؛ تکایه با لیم خوش بی... "به یان"یش هه ست به تاوان ده کات چونکه دایکم زووتر پیی وتبوو که وا پشتم به تو و به خوا ئه ستووره که چاوتان له "سه روه ر" بی... منیش ئیدی به ته مام له گه ل خودا و له گه ل به یان بمینمه وه... به یان باوکمی له خه ودا بینیبوو (که هه ر به ره سم ده یناسی)، ده یوت تکای لیکردووم که وا ئه و "کار"ه نه که ین. خوایه گیان، یارمه تیمان بده، هیزمان پی ببه خشه تا به ره و لای تو هه نگاو هه لینین. خوایه گیان ئیتر ناتوانین ئه و هه موو دلره قی یه ی خزمان و ناپاکی دوستانمان قبول بکه ین. خوایه گیان بو خوتمان به ره وه تا ئیتر بتوانین لاشه کانمان ببه خشین به و که سانه ی داوای ده که ن... به هه رچی قیمه تی بی... داوای لاشه کانمان ده که ن.

به یان سه روه ر/ سه روه ر به یان
١٣ له سه ر ١٤/ ١/ ١٩٨٦

***

هەواڵنامەی کتێب

# کورد و ئەوروپی و ئافرەت لە نێوانیاندا

شنه عبدالله

به لوعه ی ناو حه وشه که مان °
بوته شانوی خه ونی ناخوش.
به یانیان زوو
«خه رامان» دی و
خه ونی شه وی ده دا به ده م ئاوه که وه.
«ماهیره» دی و شه ویکی تر.
«رووناک» دیت و خه ونیکی تر.
ئیستا بوم رون ده بیته وه
جوگه له ی به رده م به لوعه ی حه وشه که مان
بوچی ئاوا ره ش ده چو وه وه؟

له شیعریکی "ئاسو"

هەواڵنامەی کتێب

«ڤینوس فایه ق» له په یامی ژ:۱۴ی مارسی ۱۹۹۹دا باسیک به ناونیشانی (کیشه ی ژنان و خویندنه وه یه کی نوی) بلاوده کاته وه. ئه وه ی جیی سه رنجه که « نوی» له و وتاره دا ته نها ئاوه لناویکی بی گیانه و هه موو ده لاله ته کانی خوی ونکردووه. چونکه په یامی ڤینوس، هه مان کای کون به با کردنیکه و ئه و قه وانه سواوه‌یه که به دریژایی ته مه نی سیسته می پیاوسالار ده وتریت و ده وتریته وه. سوسه ن سه لیم له په یامی ۱۵و ئالا فه ره ج له په یامی ۱۶دا زوریک له که م و کوریه کانی دیدی ڤینوس ده خه نه روو.
به لام ڤینوس بیده نگ نابیت و ئه مجاره یان زور بی په رده تر، ناوه روکی دیدی کونه په رستانه و دواکه وتووانه ی خوی له وتاریکی تردا که له ژماره ۱۶ی په یامدا بلاوده بیته وه ده خاته روو. ئه مجاره له به رانبه ر ر ه خنه کانی سوسه ن سه لیم دا ده نووسی: « سوسه‌ن سه‌لیم یان له من تینه‌گه‌یشتووه، یان خویم لی‌هه‌له ده‌کات، یان ئه‌وه‌تا یه‌کیکمان کوردیه‌که‌مان باش نییه. ئه‌گینا من نه‌موتووه و ناشلیم: ئافره‌تی کورد ملکه‌چی خیزانه‌که‌ی بیت بی‌ئه‌وه‌ی ناره زایه تی ده رببریت.»
به لام قسه له سه ر تینه گه یشتن له یه کتری نییه. چونکه پوخته ی تیروانینی ڤینوس له وتاری یه‌که میدا له م چه نددیره دا کوده بیته وه: دیارده ی جیابوونه وه له هه نده ران له نیوان خیزانی کورددا ده گه ریته وه بو ئافره تی کورد که دوو دیری له سه ر ئازادی نه خویندوته وه، که جگه له ماله وه و مه کته ب، له گه ل دایکیدا نه بیت بازاری نه دیوه»، بویه ئه م کائینه « هیر و ده به نگه» ده که ویته رمبازینی خوبه راوردکردن له گه ل هاوه له ئه وروپیه که ی و هه ر که کارتی بانکی به ده ست هینا، ئه وا بانگه وازی جیابوونه وه ی خوی ده دات.
ئه مه ئه و په یامه نوییه یه که ڤینوس فایه ق به خوینه رانی فروشت و له لایه ن ئالا و سوسه نه وه جوابی خوی وه رگرته وه. ڤینوس هیچ نه بیت شه رم ده یگریت که بی په رده به ژنی کورد بلی ملکه چی فه رهه نگ و سوننه تی دواکه وتووانه ی کومه لگا و خیزان به. به لام یه ک به یه کی وشه کانی ده که ویته ئه و سه نگه ره وه.

ڤینوس بو گه یاندنی په یامه که ی به هینانه وه ی به لگه ی « گونجاو» ده ست به دامینی بوگه ن ترین بیروبوچوونه کانی کومه لگای کوردستانه وه ده گریت و وتاره که ی به: ئه وانه ی جیابوونه ته وه، له کومه لگای کوردی جیابوونه ته وه، به رد له شوینی خوی سه نگینه، دوستم ئه وه یه ده مگریینی و دوژمنیشم ئه وه یه پیم پیده که نیت، پرده کاته وه. به لام بوچی داواکردنی ژنان بو مافه کانیان و به هره مه ند بوونی ئه وان له و مافانه که به شیکیان له گوشه یه کی تری سه رزه ویدا به ده ست هاتوون، به دابه زاندنی شه خسیه تی ژنی کورد کوتایی دیت و به م جوره ش: «ئافره تی کورد به های خوی ون ده کات و داده به زیته ئاستی ژنی ئه وروپایی؟» ئایا به راستی فه رهه نگیک هه یه ناوی فه رهه نگی کوردی و فه رهه نگی ئه وروپی بیت؟ چ به رژه وه ندییه ک له پشت دا به شکردنی فه رهه نگه کانه وه یه به م شیوه یه ی ئه مروی؟ ئه م تیزه کوشنده یه چه ند چوارچیوه یه کی راسیستی بو ئینسان خولقاندووه و چون مافه کانی ئینسان به پیی شوینی جوگرافیای ئه وانه وه لیک ده داته وه ؟

(نینا بیورک) له کتیبه به ناوبانگه که ی خویدا؛ (له ژیر لیفه په مه یه که وه)، که ره خنه یه کی رادیکالانه یه له فیمینیزمی ساله کانی هه شتا و نه وه دی سوید ده نووسیت: «وشه ی زول بو که سیک به کارده هینرا که له چوارچیوه ی خیزانیکی «غه یری شه رعیدا» له دایک بووبیت. زول ئه و وشه یه بوو که ئیستا و ئاینده ی هه زاران که سی دیاری ده کرد. وشه یه ک که مندالی ده کیشایه ده ره وه ی کومه لگا و موریکی له ناو چاوانی ده دا. به لام ئه مرو وشه که ته نها له فه رهه نگی زماندا جیی بوته وه و هه موو ده لاله ته کانی خوی ونکردووه؛ ئه مه له کاتیکیشدایه که ولاته که مان پره له «زول».

ره وتی مودیرنیزم و رادیکالی کومه لگا له کومه لگای سویددا «زول» به زبلدانی میژوو ده سپیریت و ناوی ئه و مندالانه ش ده نی «منالانی عه شق». ئه م پروسه یه له ناو کولتوری کوردیدا به شیوازیکی تر ده کری ره هه نده کانی بخوینریته وه. ژن به ژن وه ک به شیک له فه رهه نگی دواکه وتووی فیودالی له لایه ن پاریزه رانی فه رهه نگی پیاوسالار و دواکه وتووی کوردستانه وه ده کریت به به شیک له کولتوری کورد. به لام ره وتی گه شه ی کومه ل و بزوتنه وه رادیکاله کانی کومه لگا پاشه کشه یه ک به دیارده ی ژن به ژن ده کات، که ئیتر ئه گه ر ببیستریت فلانه که س به شیوازی ژن به ژن خیزانی دروست کردووه، هه ست ده کریت که ئه و که سانه ی له م پروسه یه دا شه ریک بوون چه نده دواکه وتوون و ناشارستانین.

به لام ژن به ژن مالئاوایی له کومه لگای کوردستان ناکات، چونکه پاریزه رانی ئه م فه رهه نگه قسه که ر و ئالاهه لگری خویان هه یه. به لام له فه رهه نگی خه لکی کوردستاندا ده رده کیشریت و ده بیته فه رهه نگ و کولتوری عه شیره ت و مه زهه بیه کانی کوردستان. کومه لگای کوردستان له یه ک چوویه کی یه کگرتوو نییه که تیایدا تاکه کان له ژیر په رده ی کولتوری کوردیدا کوبکرینه وه و شوناسه کانیان وه ربگرنه وه. به لکو شوین پیی چینایه تی، ئاستی روشنبیری، شیوه ی ژیانی شارنشینی و تیروانینی ئینسانه کان چه ندین فاکتوری گرنگن و فه رهه نگ و کولتوری له یه ک نه چوو له لای ئینسانه کان به وجود دینیت.

له به شیک له ناوچه کانی کوردستاندا، ره دووکه وتنی ژنان (ژن هه لگرتن)؛ ئه گه رچی تان و پوی دواکه وتوویی و به سووک سه رنجدان له ئافره تی به ته واوه تی پیوه دیاره، ده بیته جیگای شانازی کومه لگه که و ئه گه ر که سیک هه لنه گیرابیت ئه وا ده بیته جیی پلان و تیرو توانجی خه لکی: «ئاخر ئه گه ر کچیکی باش بویتایه تا ئیستا که سیک هه لیگرتبوویت». هاوکاتیش هه مان دیارده له ناوچه یه کی تری کوردستاندا بنه ماله ی له سه ر ده کوژریت.

له ژیر ئاسمانی کولتوری کوردیدا، سه ده ها ژن تیرور ده کرین؛ هاوکاتیش هه ر له هه مان کومه لگادا هیزیک به هه موو توانا کانیه وه رووبه رووی ئه م وه حشیگه ریه ده بیته وه. هیزیک به پیی مه رجه عه کولتوریه که ی لوتی ژنان ده بریت و له به رانبه ریشیدا هیزیکی تر مالی ئه من بو ژنانی کوردستان دروست ده کات. شیرزاد حه سه ن و مه لا کریکار دوو ده نگی دژ به یه کی ژیر ئاسمانی کولتوری کوردین.

ئه م گورانیه:

گونات هه لمژم پر به ده م سوور هه لگه ریی هینده ماچت که م

زور ئاسان له هه له بجه ی سالانی حه فتادا له یه ک به یه کی چایخانه کانی هه له بجه دا ده هاته به ر گوی و له ئیستاشدا به بیستنی ئه‌و گورانییه ده‌بی چاوه‌روانی ئه‌وه‌ت هه‌بیت که چایخانه و گویگرانی گورانییه‌که‌ش به بومبیک به ئاسمانا ببرین. دیاره ئه ویش به هوی زال بوونی فه رهه نگی ئه و بزوتنه وه سیاسیه یه که ش و هه وای کومه لگا یشی ژه هراوی کردووه. ئه مه ش نیشانده ری ئه وه یه: که چه ند ره وته سیا سی یه کومه لایه تیه کانی کومه لگا کاریگه ری له سه ر فه رهه نگ و کولتوری کومه ل داده نین و موری خویان له ناوچاوانی ژیانی ئینسانه کان ده ده ن.

ئه‌م راستییه ساده‌یه بو کومه‌لگای ئه‌وروپاش هه‌ر دروسته. ئاخر کاتیک بزوتنه‌وه دینیه کان و کونسیرفه تیڤه کانی کومه‌لگا داشیان سواربیت و کاریگه‌ریان له‌سه‌ر کومه‌لگا دیاربیت، ئه‌وه زور ئاساییه که بیکاری ئافره ت به ره و زیادبوون ده چیت وبه رهه لستییان بو دژایه تی مافی منال له باربردن ده بیته مانیفیستی یه که میان و له ولاتیکی وه کو ئیرله‌نده‌دا ده‌بیت ریفراندوم بکریت بو ئه‌وه‌ی دوو ئینسان له چوارچیوه‌یه‌کی خیزانیدا بچنه ده‌ر و ئافره‌ت مافی جیابوونه وه ی هه بیت.

ڤینوس فایه ق به دابه شکردنی ژنی کورد و ژنی ئه وروپی خشته یه ک دروست ده کات و به دواکه وتووترین تیروانینه کانی کومه لگای پیاوسالار؛ ئافره تیک که به هه ر هوکاریک له میرده که ی جیابوته وه زیندان ده کات و پیی ده لیت: بوت نییه که لک له و ده ستکه وتانه وه ربگریت که به شیک له ئافره تانی تری ئه م سه رزه‌وی یه به ده ستیان هیناوه. دابنیشه و وه‌کو من دوو کتیب له‌سه‌ر ئازادی بخوینه‌ره‌وه و پاش تیپه‌ربوونی چه‌ندین سال ده‌گه‌یته ئاستی ژنی ئه‌وروپی. ئه‌مه پوخته‌ی ئه‌و تیروانینه راسیستیانه‌یه که بناغه‌ی هه‌موو سیاسه تی ئه نتیگراسیونی ئه وروپا پیک ده هینیت و له سه ر بنه ماکانی نسبیه تی کولتوری داریژراوه و له ریگه یه وه ده ستگاکانی ده وله ت زور به ئاسانی شانی خویان خالی ده که نه وه له به رانبه ر هه ر مه سئولیه تیکدا که ده بی بکه ویته سه ر شانیان به رانبه ر به په نابه ران. که م نین ئه‌و ژنانه‌ی که له‌لایه‌ن ده‌ستگاکانی ده‌وله‌تی سویده‌وه؛ «به‌رابه‌رترین ولاته کانی دنیا» که پییان وتراوه: ئیمه ناتوانین هیچ شتیک بو ئیوه بکه‌ین کاتیک که تووشی لیدان بوون له‌لایه‌ن میرده‌کانیانه وه؛ چونکه به پیی تیوری نسبیه‌تی کولتوری، لیدانی ژن و مندال به‌شیکی جیانه‌کراوه‌ی فه‌رهه‌نگی ولاتانی په نابه‌رانیکه که له خورهه لاته وه هاتوون.

کونه په رستی، دواکه وتویی، فه رهه نگی پیاوسالاری دیارده یه کی کوردی و فارسی و تورکی نییه. به لکو جیهان داگره و به‌شیکی جیانه‌کراوه له ده‌سه‌لاتی سیسته‌میکه که له‌سه‌ر نابه‌رابه‌ری و ئاپارتایدی ئینسانه‌کان داریژراوه و له شه قامه کانی کوردستانه وه تاکو پایته ختی گه وره ترین شاره کانی ئه وروپا و ئه مریکا دا ده رده که ویت و قوربانیه کانی خوی ده چنیته وه. تاکه جیاوازییه ک له نیوان ده رکه وتنی ئه و فه رهه نگه دا له شوینه جیاوازه کانی سه رزه ویدا، چونیتی کارکردنی و دووباره خوسازدانه وه یه تی له شکل و شیوازی به رواله ت جیاوازدا و سه نگ و سووکی ره وته مودیرنیزم و رادیکاله‌کانی به‌رانبه‌ریه‌تی. ئه‌گینا بوچی له «به‌رابه‌رترین ولاته‌کانی دنیادا»؛ له سویددا، هه فتانه ژنیک به هوی به کارهینانی زه برو زه نگی پیاوه وه گیان له ده ست ده دات؟

به لام کاتیک که سیک وه لامه که ی ڤینوس فایه ق بو سوسه ن سه لیم ده خوینیته وه که له په‌یامی ۱٦دا هاتووه، ئیتر ئینسان گومانیکی نامینیته وه که ره خنه کانی سوسه ن له ڤیان له خراپ تینه گه یشتنه وه نییه وه کو ڤیان فایه ق بوی ده‌چی. کیشه‌ش له کوردی ڤیان فایه‌قه‌وه نییه؛ چونکه ناشوکوری نه‌بی نووسه‌ره‌که مان دوو کتیبی له سه ر ئازادی خویندوته وه و خاتو کلاوزه ریکی ناو ده ریای په ندی پیشینانی کوردییه. چونکه ئه مجاره‌یان ڤیان فایه ق هیچ بواریک بو ماوه ی سپی نیوان دیره کانیش ناهیلیته وه و کوردی و کورتی مه زهه ب و ناسیونالیزم و دزیوترین بیروباوه ره کانی فه‌رهه‌نگی پیاوسالاری تیکه‌ل ده‌کات و پیشنیار ده‌کات که له‌به‌رانبه‌ر وشه‌ی جیابوونه‌وه‌دا دیسانه‌وه ده‌ست به

داوینی «طلاق» ه وه بگرین. چونکه جیابوونه وه به پیی بوچونی ڤینوس: بو «شه ریکه کان و دوسته کان» دروستتره به کار بهینریت، چونکه «هیچ دوکومینتیکی ره‌سمی پیکه‌وه‌یان نابه‌ستیت». به‌لام « طلاق» راستییه که و نابیت شه رمی لیبکه‌ین. به‌لی، « طلاق» راستییه‌کی مه‌زهه‌بییه و هینده بوگه‌ن و دواکه‌وتووانه‌یه که ئینسانی سه‌ده‌ی ئه‌مرو خه‌جاله‌ت ده‌بیت کاتیک عه‌شق و خوشه‌ویستی نیوان دوو ئینسان به‌ره‌و کوژانه‌وه ملی ناو سوکایه تی و شه ر و ئاژاوه بووه نیشته جیی مال، چاوه ریی ئه وه بیت که پیاو مه رحه مه ت کات و ئه و چه که به کاربهینیت. ئاخر خو ئه وه ژن نییه که مافی طلاقی به ده‌سته. پاشانیش ئه‌گه‌ر بوره «طلاق» که‌وت و چاک نه‌بوه وه، ئه‌و کات به جاش ماره بکرینه‌وه.

ڤینوس هه‌ر وه‌ک چون خوی وته‌نی: « له سه‌ره‌تایی تیگه‌یشتنیه‌وه بو مافی مروف»، دیاره مافی مروف وه‌ک موده یه کی نویی سه رده می دنیای یه ک قوتبی، له به رانبه ر ره شترین تاوانه کانی کومه لگای کوردستاندا که دیارده ی ره‌شه‌کوژی ژنانه ئاواهی هه‌لویست ده‌نوینی: « ئه‌و ژنانه‌ی که ده‌کوژران، ژماره یان له هه زار تیپه ری نه ده کرد و ئه وجا که کوژراون (هه ندیکیان نالیم هه موویان) ئه و چاره نووسه یان پیره وا ده بینرا ده نا من و تو و هه زارانی تر بو نه‌کوژران...»

وه ره وه ک پاریزه ری مافی مروف خوت پیناسه بکه و له ئه وروپادا ژیابیت و ئه ندامیکی چالاکی ره‌وته ئیسلامیه کان و طاله‌بانه‌کانی ئه‌فغانستان نه‌بیت و ده‌ستخوشانه له جه‌للادانی ژنکوژی کوردستان بکه یت و زور به راشکاوانه ئه و دوکومینته بوگه نه دووپات بکه یته وه که لایه نگرانی بکوژانی ژنان ده یلینه وه! ئاخر ئه و چاره نووسه یان پی ره وا ده بینرا! وه ره له به رده م ده رگاکانی سالی دوو هه زاردا راوه ستابیت و به هره مه ند بوونی ئافره تان له ساده ترین مافه کانی خویان له بریاردان بو چوونه ده ره وه له په یوه ندییه ک و مافی بوونی ئابووری خو و که لک وه رگرتن له مافه به ده ستهاتووه کانی ئافره ت له گوشه یه کی ئه م دنیایه دا به «به ره لایی» ناو بنییت. وشه یه ک که مه زهه ب دایتاشیوه و هه ر روژه ی ملی ئافره تیکی پی ده په رینریت له و دوزه خانه دا که ده سه لاتی خواکانی سه رزه وی خولقاندویانه.

ره وته ئیسلامیه کانی کوردستانی عیراق له کاتی ناوبردنیاندا بو هیرشه درندانه کانی ئه نفال بو سه ر خه لکی کوردستان ده‌نووسن: **هیرشه‌کانی یه‌تاو ئه‌تقال.** دیاره ئه وان ئه یانه وی رووی ئه و دینه سپی که نه وه که ده بیته مه‌رجه‌عیکی ئایدولوژی به ده‌ستی رژیمی به‌عسه‌وه تا قوولترین برین له جه‌سته ی کومه لانی خه لکی کوردستاندا هه لکه نیت. به لام ڤینوس فایه ق چ هوکاریک و چوارچیوه یه کی فکری پالی پیوه ده نیت بنوسیت: « مافی به ناو خوراوی ئافره ت.»؟

کاتیک **یه‌تاو** ده بیته ئاوه لکرداری فرمانی خواردن، واته له راستیدا مافیک نییه که خوراو بیت. به لکه ئه وه کومه‌لیک نه فامن که « دوو دیریان نه خویندوه ته وه» و ئاگایان له و به هه شته ی به رابه ری نییه که نیر و میی تیا ده ژین. به لام تو بلیی ئه و ژنانه ی که له یه کیک له حه وشه گه وره کانی کوردستاندا ، نیوه شه وانیکی دره نگ که له خه وی شیرینیاندا « موته که » ی خه ویکی ناخوش له سه ر سنگیان هه ناسه یان لیده بریت و به دزی میرد و کچ و کوری ماله وه، یان باوک و براوه، ده چنه به ر به لوعه ی حه وشه که یان و که میکی ئاوه که ده که نه وه، چ سه رگوزشته یه کی ناخوش ده ده ن به ده م ئاوه‌وه؟ ئه‌و ترس و دله راوکییانه چییه که ئه‌وان ده‌یانه‌ویت نه‌یه‌ته دی و به‌شکم ئاو له‌گه‌ل خویدا رایمالی؟ به‌راستی بوچی جوگه‌له‌ی به‌رده‌م به‌لوعه‌ی زوریک له ماله‌کانی کوردستان ره ش ده چیته وه؟ تو بلیی وه ک ئاسوی شاعیر بوی چوو بیت: زوخاوی ئه و بی مافی و خه ونه ره شانه بیت که چه ندین ساله به دزییه وه ده دریت به ده م ئاوه وه؟ ئایا "مافی به‌ناو خوراوی ئافره‌ت" و جوگه‌له ره‌شه‌کانی به‌رده‌م به‌لوعه‌ی حه‌وشه‌کانی کوردستان ده‌کریت له رسته یه کدا کوبکرینه وه؟

خوشبه‌ختانه ئه‌مرو ژنانی کوردستان له‌به‌رانبه‌ر ده‌سه‌لاتی ناسیونالیزم و مه‌زهه‌ب و فه‌رهه‌نگی پیاوسالاردا له بلندگوی ریکخراوه‌کانیانه‌وه ده‌نگ هه‌لده‌برن؛ ئه‌و ریکخراوانه‌ی که ڤینوس پیشنیاری هه‌لوه‌شاندنه‌وه‌یان ده‌کات،

خوازیاریشن ئه و دله راوکی و ترس و بیمه یان که دواکه وتوییی و فه رهه نگی پیاوسالار له دلیانا ناشتویه تی و وه ک سه رگوزشته یه کی بیده نگ که نیوه شه وان ته نها ئاوی به لوعه کان بیستویه تی، ئه وانه بکه نه داخوازی بزوتنه وه یه کسانی خوازه که یان و چیدی ئینسان به تاوانی ئه وه ی که نیره یاخود می، له حورمه تی ئینسانی خوی بیبه ش نه کریت.

❊❊❊

هەواڵنامەی کتێب

# دەسخۆشانە لە ژن_کوژان؟؟

## ڤینوس شوولی لی هەلکیشاوە!

مصلح شیخ الاسلامی(ریبوار)

دە سخوشانە لە چە قوکیشانی ژن_کوژ لە کوردستان؟! ژنیکی خە ریجی کولیژ ی ئاداب، بیت و لە روژنامە یە کی بەنیوبانگدا بنووسی "ئەو ژنانە... ئەو چارەنووسەیان پی رەوا دەبینرا دەنا من و تو و هە زارنی تر بو نە کوژران"!!؟ باوە ر ناکە ن؟ سەریک بکیشنە روژنامەی "پەیام"ی ژمارە ١٦ با بە چاوی خوتان ببینن. بە لی؛ بە قە لە می "ڤینوس فایەق_هولەندا"، ئە م دەسخوشانەیە لە ژن_کوژانی کوردستان، بە رە ش لەسە ر سپی، نووسراوە!! جا، فەرقی ئەم قە لە مە و ریش و میزە ر و شمشیری تالە بانە کان چی یە؟؟

لەکاتیکا ژنانی چەوساوە و ئاگادار لە مافی خویان، لە کوردستان، بەرانبەر کونە پە رستی عە شایە ری و مە زهە بی راوە ستاون و لە ژیر چە قوی چە قوکیشانی نامووس پە رست و دواکە وتووشدا هە رخەریکی داکوکی و دیفاع لە مافی رە وای خویانن؛ کە سیکی لە زە مانە بە جی ماو بە ناوی ڤینوس فایە ق دە لی "مافی بە ناو خوراوی ئافرە ت"(!!!) لە کاتیکا ژنانی لە کوردستانە وە هاتوو، لە ئە وروپا، لە بە رهە می خە باتی بزوتنە وە ی بە رابە ریخوازی بە هرە مە ند دە بن و تەنانەت هەندیکیان لەریزی پیشەوەی ئەو بزووتنەوەشەوە دیفاع لە ژنانی کوردستان دە کە ن؛ ئە م خوی کردوە بە دلسوزی "ژنانی کورد" لە ئەوروپا و بە زمانی دەورانی حەفصەخان و هارون‌الرشید خە ریکە نە سیحە تیان دە کا کە پیوانە عە شایە ری یە کانیان لا ون نە بی و دووچاری "کودە تا" نە بن! لە کاتیکا خە لکی تامە زروی ئازادی و بە رابە ری، بە ژن و پیاوە وە، خە ریکن ئە م مافانە، یە ک بە دوای یە کدا بە کاربە دە ستانی دە سە لاتدار لە کوردستانیش دە قە بلینن؛ ئە م دە لی هوکاریکی گە ورە ی ژیردە ستە یی ژنان "کورتبینی و نە زانی"خویانە!

بە خوشیە وە، مە یدان بو حە فصە خان چول نیە و کە سانی وە ک سوسە ن سە لیم و ئالا فە رە ج جوابی ڤینوسیان داوە تە وە. بە لام لە سە ردە میکدا کە هیشتا دە نگی دە سە لاتدارانی وە ک مارگارت تاچر، کە لە سە ر کورسی حکومە تی بریتانیا وە ژنانی بو چیشت لینان و مندالداری بانگە واز دە کر دە وە، لە گویدا دە زرینگیتە وە؛ سە یر نیە کە کە سیک؛ کە لە بلیمە تی و خویندە واریدا گە لیک لە ئاستی تاچریش دوور بی، لە ویش زیاتر لە زە مانە بە جی مابی و، لە م ئاخری سەدەی بیستەمەدا، هەمان بانگەواز بو ژنان لە کوردستان و لە ئەوروپا دو بارە بکاتە وە ! لە وە ش قە لس بی کە "سەدی نەوەدی ژنی کورد" گویی لی ناگرن و ئەوانە بە ئاکامی ژیر دەستەیی ژن دادەنین! ئەگەر ڤینوسیش سە یریکی مە تبە خە کە ی خوی بکا، دە توانی وە ک "سە دی نە وە دی ژنی کورد" ببینی کە چ بە شیکی گە ورە لە کاری مالداری و چیشت لینان لەدەرەوەی مال (لە فابریکەکان) کراوە و، گەلیک شت پیش ئەوەی بگاتە مەتبەخەکە ئامادە کراوەو، بەم جورە، مالداری، بەرە_بەرە براوەو دەبریتە دەرەوەی مال! بەشیک لە کاری ریکخراوە بە رابە ریخوازە کان (کە ڤینوس حە زی لی یان نیە) پە رە دان بە م پروسیسە یە. ڤینوس خوشی بی و ترشی بی، نە ک هە ر مالداری، مندالداریش (وەک ئالا فەرەجیش ئاماژەی کردوە) بەشیوەی باخچەی ساوایان و شتی وا، براوە و، دە بریتە

ده ره وه ی مال و له سه رشانی ژنان لاده بری؛ تا کاتیک که خیزانداری ئیتر وه ک زنجیریک نه مینی و ژن و پیاو و مندال، به ئازادی و به رابه ری، هه ر ته نیا خوشه ویستی پیکه وه یان ببه ستی و به س!

ڤینوس له سه ر ئازادیش هه لویستی هه یه! ژنانی له کوردستانه وه بو ئه وروپا هاتوو ئینذار ده کا که نه که ن "به ره للا" بن!! له لایه که وه ده سخوشانه ی ئاوا له چه قوکیشانی کوردستان، له لایه کی تره وه سنووردانان بو ئه م ئازادی یه سنوورداره ش که له ئه وروپا هه مانه و سه رزه نشت کردنمان که "شیعارات" دووباره نه که ینه وه و "دوو کتیب" له سه ر ئازادی بخوینینه وه تا مانای ئازادی و به ره للایی تیکه لاو نه که ین!

ئالا فه ره ج، ده ستی خوش بی، خوی ماندوو کردووه و به فاکت و نموونه روشنی کردوه ته وه که ده وره ی حه فصه خان به سه رچووه و له شه سته کان و سه ره تای حه فتاکانه وه، له هه موو قوژبنیکی کوردستانیش، شارنشینی ژنانی هینایه نیو مه یدانی کارکردن و به شیوه یه کی فراوانیش روویان کرده خویندن و په یما نگا و زانکوکان. به لام ئایا ڤینوسی خه ریجی کولیژ ی ئاداب ئه مانه نازانی؟ ئه و فاکت و نموونانه ی نه دیوه که ئالا فه ره ج هیناویه ته وه؟ نازانی یاسای چاره سه رکردنی کشت وکال و یاساکانی تر و، به کورتی، پروسیسی جیگیرکردنی سه رمایه داری چ ئاکام و سه ره نجامیکی له کومه لدا (له وانه سه باره ت به ژنان) به شوینه وه بووه؟ ره نگه زیاتر له وانه ش بزانی. ئاخر "هه ر نه بیت دووکتیبی له سه ر ئازادی" خویندووه ته وه! ئه گه ر به قه د مارگارت تاچریش ئاگاداری چه م وخه می سیاسه ت نه بی، له وانه یه ئه وه نده هه ر بزانی که سه رمایه داری زوریش به لوتف و به مه رحه مه ت نیه و کاتیکیش ژنان راده کیشیته نیو مه یدانی کارکردن مه به ستی چه وساندنه وه ی کاری هه رزانی ژنانه. کاری هه رزانیش لای ژنانی بی ماف (و بی ئاگا له ماف) ئاسانتر ده ست ده که وی؛ ژنانی چاووگوی به ستراو که له کوردستان "هه ر له گه ل دایکیان نه بی بازاریان نه دیبی" و له ئه وروپاش پیوانه ی عه شایه ری یه کانیان لا ون نه بی و دوچاری "کوده تا" نه بن! ره نگه ڤینوس ئه مانه بزانی و به ده ستی قه سد بو هیشتنه وه ی ژنان له کوت و به ندا هه ول بدا!؟ ئه وه نیه ده سخوشانه له ژن_کوژه کان ئه کا؟! ئه لی ئه و ژنانه ئه و چاره نووسه یان پی ره وا ده بینرا ده نا بو ئه و سوسه ن سه لیم و هه زارانی تر نه کوژران؟! ئه و بو بکوژن کاتیک ده سخوشانه یان لی بکا؟! سوسه نیش دیاره له بزووتنه وه یه کدا بووه که چه قوکیشانی ژن_کوژ پی یان نه ویراوه. بو هه زارانه که ی تریش، بابزانین ئه م کیشه یه به کام باردا ده بریته وه؛ ئه گه ر ده سه لات به چه قوکیشه کان بی، به ناونیشانی ئیران و ئه فغانستان، کار له کوشتنی هه زارانیش تیپه ر ئه کا!

پیویسته ڤینوس ته کلیفی خوی روشن کاته وه. ده کری ژنیک به قه د مارگارت تاچریش خوینده واربی و دوژمنی سویندخواردووی مافی ژنانیش بی! ڤینوسیش، مادام له سه ر دژایه تی مافی ژنان بروا، یان له خزمه تی سیاسه تی خاتوو تاچردایه و دوستی تاله بانه کانه و دوژمنیکی به ئاگای ئازادی و به رابه ری و مافی ژنانه، یان، ئه گه ر نائاگایه، دیاره کولیژ ی ئاداب ی به فیرو داوه و له و "دوو کتیبه"ش له سه ر "ئازادی" خویندوویه ته وه تی نه گه یشتوه.

***

# ئەگەر

شنه رانيه يى

له غه ريبيه وه پيت ده ليم
بو نهينى يه كانى چاوت
له ناوكولانه تاريكه كانى روحم
دلوپيک له تاسه ى غه ريبيم بخوره وه
گه ر شه قامى له ته نياييت بى تاقه ت بوو
نه فره ت بكه له دووريم و له ولاتى كاره ساتم.
ئه گه ر هات و شوره بى يه ک هاته سه ر ريت
دلنيابه كه پرى حه سانه وه ى خوته و
ئارام به وه و له جى هيشتنيشم خوش به.
ئه گه ر كچى به ريكه وتيک
ئاويته بوو به نيشتمانيكى ون بوو
له سه وزايى جه سته ى خوتدا حه شارى ده
دلنيابه عاشقيكى ويله رى يه و
ده بيته وه توزى به ر پيت.
ئه گه ر ئه و چاوه ى له جاران ماندووتر بوو
خوليا‌گه ريكى خه مناک بوو
بى ده نگ بوو له روژگارى
تاوان له منه ياخود له تو.
ئه گه ر عيشقى ده ر‌گاى گرتى
بلى له كوى ژووريكى داخراو و تار
له كوى ئاسمانيک ريگاى پوله مه ل و فريشته بى
گه ر وشه يه ک دلى ناسكتى ورو‌ژاند
دلنيابه كه ژيله موى ناخى نازانمه
فيرت ده كات چون بسووتيى
داوا ده كات كه له گريانى تى بگه ى
گه ر شاعيريک ويستى بدوى
ئه وه منم!

هەواڵنامەی کتێب

بلی کوا ولاتیک هه رخوم بم و
له کوی ولاتیک هه ردووکمان
له کوی هه رخوت ریبواری بی له کوی دوان
گه ر تارماییه ک له په نجه ره ی ژووره وه ی دای
بلی فه رموو_ دلنیابه
یان فریشته ی مه رگی منه یان جه سته ی خوم
گه ر موته که ی خه و نه هیلی چاو لیک بنی ی
ئه وه  دلی منه شه وان ده رگا ده کوتی
ویله به دوای شاره که ی خوی.
ئه گه ر خونچه نه بوون به گول له به هارا
تو مه رگی من مه لی کوچه ری ته منت مه ترسینه
له هه ر جی بی تاقه هیوام
تاکه دره ختم دیمه ریگات
بالداریکم ده وه ن ده وه ن دیم و ده چم
له هه ر کونجووری ولاتیک
پی به پیی خوم
دیمه وه لات.

****

هەواڵنامەی کتێب

# کچ

شاهو پیرخزرانیان

کچ ئه هات بیده نگ و
بسکی خور له بسکی ئالا بوو.
کاتی هات
کانیه که ی به ر مالمان
دوانه ی بوو؛
کاتی هات، شه مامه زور ترسا
چپانی به گویما:
ـ باپیرم پیی وایه
کچ نابی تیشکی خور
له تیشکی چاویا بی.
کاتی هات
باپیری شه مامه،
چوخاکه ی له سیبه ر دارتووه کا به جیما
کاتی هات بووکه که ی مال فاتیش
دوانه ی بوو.

کچ ئه هات بیده نگ و
دوو ماسی بچکوله له گلینه ی چاویا بوون؛
کاتی هات
شه مامه زور ترسا
چپانی به گویما:
ـ کچ نابی ده ستیکی ئاگر بی و
ده ستیکی گه نم بی
کچ نابی داوینی کراسه که ی شه ونم بی.

کچ هات و بیده نگ چوو
کاتی چوو
بسکی خور
له بسکی ئالا بوو.

هەواڵنامەی کتێب

کاتی چوو، شه مامه نه ترسا
قیژاندی به گویما:
ـ کچ نابی گزینگی چاوانی بیره نگ بی
کچ نابی بیده نگ بی!

****

هەواڵنامەی کتێب

**Pierre Louys (1870-1925)**

شاعیری فه ره نسی

ئاسو کردوویه به کوردی

چون چرپاکه ی جیهیشتووه،  منیش ئاوا جیی ده هیلم.
بی ریکخستن؛ چه رچه فه که هه روه کو خوی.
تا هیچ نه بی، شیوه ی ده رچووی له شی ئه و له سه رچه رچه فدا
له ته نیشتمه وه دیاربیت و
وه کو خوی بمینیته وه.
تا به یانی روژیکی تر
نه دوش ده که م، نه قژیشم داده هینم.
من نامه وی  شوینی ماچی و
شوین په نجه ی ئه و
له سه ر پیستم کال بیته وه.
نه به یانی و
نه ئیواره ش
ئه شته با ناخه مه سه رزار.
هیچ پاوده ریک له رووناده م؛ لیو سوورناکه م.
تاکو ماچی؛ بونی ماچی
زیاتر بژی و
له سه ر لیوما بشنیته وه.
په نجه ره کان هه روه کو خوی، به داخراوی ده هیلمه وه.
ده رگاکه ش توند کلوم ده ده م؛ نایکه مه وه.
تاکو یادی
ده رفه تی فرینی نه بی و
له ژوورما بمینیته وه.

هەواڵنامەی کتێب

❊❊❊

# یاداشتی رۆژانەی شاریک کە ناوی بەیروت بوو

نووسینی نزار القبانی

وە رگیرانی بو کوردی ئاسو

کی بوو ریی دا، ئە و مارکسە نە فرە تلیکراوە بیتە لوبنان؟
کام بالویزخانە ی لوبنان بوو ڤیزای پی دا؟
لە گومرگی فروکە خانە، بو کە س جانتای نە پشکنی؟
ئە و مارکسە نە فرە تلیکراوە، مالە کانمانی کاولکرد.
ژنە کانمانی بیوە ژن و منالە کانیشمان هە تیو،
پە یوە ندیە میژوویە کانی لوبنانیشی ژیرە و ژوورکرد.
من ئە وم خوش ناویت، نا من ئە وم هیچ خوش ناویت.
لە و روژە وە ی؛ لە یە کیک لە چیشتخانە شە عبیە کانی گورە پانی بورج دا بینیبوویان پاقلە دە خوات
لە گە ل خە لکە سادە کە دا دە دوی،
کتیب و نووسراوە ی بیروباوە ریان بە سە ردا دابە ش دە کات،
لە و روژە وە دلنیابووم؛ ئە و لە توریستە کانی دیکە ناچیت.
بە لام هاتووە، تا پیلانیکی کاولکە رانە جیبە جی بکات.
ئە و هاتووە؛ تا چاو لە برو هانبدات و
پی لە سە ر و
بازرگانە کانی بە سطاتیش لە بازرگانە کانی شە قامی حە مرا و
خانووە تە نە کە کانیش، لە مالە ئە لە مینیومە کان هانبدات.
مارکس چی داوە لە وە ی کە خوا دروستی کردووە؟
بو دە یە وی مە شیئە تی ئیلاهی بگوریت؟
ئاخر خوایە کە فە قیر و دە ولە مە ندی خولقاندووە.
هە ر وە کو چون شە و و روژ و
ئە وانە ی نان و چا دە خون و
ئە وانە یشی کە کاڤیار و شاتوبریان دە خون و کونیاک دە نوشن.
هە ر خوایە کە ری دروست کردووە و ئوتومبیلە کانی "رولزرویس" یش.
جل وبە رگە کانی کونە و جلە کانی بیارگاردانیش.
ئە و منالانە یش کە لە سە ر حە سیر بە دنیا دین، وە ئە وانە یش کە لە سە ر فە رش چاوهە لدینن.
خوا ئە وانە یشی خولقاندووە کە لە فرمیسکی خویان دە خونە وە و
ئە وانە یشی کە ئاوی ئیڤیان و فیشی دە نوشن.
بە ر لە وە ی ئە و مارکسە نە فرە ت لیکراوە بیتە لوبنان،
ژیان خوش و شیرین بوو، هە موانیش بە بە شی خوا رازی.
هە ژاران بە هە ژارییان و

ده وله مه ندان به ده وله تیان.
پی و سه ره کان پیکه وه ده ژیان و بروا‌شیان به موعجیزه ی لوبنانی بوو.
به لام کاتی کارل مارکس ته شریفی هینا و
بووه هاوریی ده ست فروشان، کریکارانی بیناسازی، کولکیشه کانی به نده ر،
شوفیری ته کسییه کان، بلیت و یانصیب فروشه کان
پاش ئه وه ی بووه ئه ندامیکی چالاکی یه کیتی یه کریکارییه کان، یه کیتی قوتابیان،
شته کان ده ستیانکرد به له رزین.
پییه کان ده ستیانکرد به داوای گورینی هه لومه رجه نامروڤایه تیه کان.
توره یی ته قیه یه و
زولملیکراوان زانیان، که خوا به رپرسی زولمیان نییه.
به لکه ئه وه ئینسانه ده چه وسینی و پیست ده گوری و دوایش ده یخوات.
به لام پیویست بوو به یروت بسووتیت،
تا ئه وانه ی کاڤیار و شاتوبریان ده خون پی بزانن؛
که هه ژاری کافره؟
برسیتی کافره؟
نه خوشی کافره؟
تاکو پی بزانن؛ کاتیک ئینسان برسی ده بی
دانه کانی له گوشتی مانگیش گیرده کات.

وه رگیردراو له دیوانی شیعری:
یومیات مدینه کانت اسمها بیروت

***

هەواڵنامەی کتێب

# ژنانی پارچەچنی جیهان

موا مارتینسون

ریبوار کردویه به کوردی

موا مارتینسون Moa Martinsson شاعیری ژنی سویدی (۱۸۹۰_۱۹٦٤) سەراسەری ژیانی کریکار بوو. "ژنان و دارسیو"(۱۹۳۳) یه که مین رومان ی موا بوو که له سالی ۱۹۳۳ بلاو بووه وه . له یه که مین و تاقه کومه له شیعریدا "رووه و روژ" (۱۹۳۷) تیده کوشی ئەو مەبەستە گرینگانەی بەدریژایی ده سال و زیاتریش ده ستە ویه خه ی ببوون کو کاته وه. دەوروبەری ۱۹٤۰ بوو که شیعری "ژنانی پارچەچنی جیهان"ی بلاوکرده وه. ئه م شیعره له کتیبی "سه ده یه ک شیعری کریکا ری له سوید" نووسراوی لارش فورولاند، هه لبژیرداروه.

## ژنانی پارچەچنی جیهان

به ری به یانی زه مان بوو ده ستمان پیکرد؛
به چنین و رستنی بیبرانه وه.
ئیمه ئه و خوا بیناوانه ین؛
فه راموشبووی به یت و باوی گشت به یتبیژان.
به شوین تان وپوکانماندا،
له دووی پووش و له بان و توول،
به شوین په موودا و که تاندا،
به مه کاره ی به تاله وه،
به نیو بیشه بونخوشه کانی داره توو،
به شوین کرمی هه وریشمدا
سه رتاسه ری جیهان گه راین.

هونیمانه وه بو هه موو زینده وه ران،
گه وره و بچووک؛
عابای دایکی خواشمان چنی؛
بو شه ریش و بو شه یتانیش؛
بو کلیسا و بو خوای گه وره ش؛
عابای سووری جه للاده کان...
گشت ئه مانه ش به گویره ی قانوون و ئینجیل.

هونراوه مان له کاکیشان دریژتر بوو.
به شی داپوشینی هه موو کوره ی زه ویمان هونیه وه،

هەواڵنامەی کتێب

هه تا چین_چین وه ک بوخچه یه کی زور گه وره،
دزیوی یه رووته کانی پی داپوشی.

به لی هینده مان هونیه وه؛
هه رچه ند هیشتا ره سایی ناکا گشت ژن و پیاوانی هه لله رزیوی
پی پوشته که ین و
خاترجه میش بین ده توانین نه وه ی داهاتوویش پوشته که ین!

مندالان له دایک ده بن،
زستان بی یاخود هاوین بی، به رووتی چاویان ده پشکوی به ژیانیان.
به لام به رخیش له دایک ده بن، که تانیش گول ده که نه وه و بنجه یه موه کانیش له ژیر گولدا ده شکینه وه.

قه د ئیمه لی نابینه وه له چنینی پارچه و په رچه م!
قه د ناگه ینه چنینی ئاخر قه واره!
له شه قژنی سیرنی شه ردا
ئیمه ده چنین بو نه وه ی نوی و
گوی له سیرنی شه پولدانه وه ی خوین ده گرین له گویماندا
که خرمژنی ژینی پی یه؛
سروه ی په نا و میهره بانی ئه چرپینی.
قه د نه مانپرسی له ئه رباب ده بی چ بکه ین؛
که ده سته خاراوه کانی خومان
چاره سازی هه موو سه ختی و هه له و ناته وایه کانن.
ئه ی گشت ئه وانه ی خه ریکی هونینه وه ی بیر و وشه ن!
داده ی پارچه یه ک به قه د هی ئیمه گه وره و گه رمابه خشی سه راسه ری زه ویمان بهوننه وه!
با له سالی زینده وه راندا دیدار که ین؛
له جیهانیکدا له وی نه هیچکه س بیحورمه ته و نه رووت؛
له وی خراپه مردووه و ئاشتی و ئاسایشت خه به ره؛
له وی هه موو یاریده رن، هیچکه سیش ده ست ناوه شینی.

ئه ی گشت هونه رانی بیر و وشه!
داده ی پارچه یه کی ئاوا گه وره بهوننه وه!
ئیمه ئه و خوا بیناوانه ین؛
فه راموشبووی به یت و باوی گشت به یتبیژان.
به ری به یانی زه مان بوو ده ستمان پیکرد؛
به چنین و هونینی بی برانه وه.
مندالان له دایک ده بن،

هەوڵنامەی کتێب

به رووتی، زستان و هاوین.

به لام به رخیش دینه بوون و

که تانیش گول ده که نه وه و بنجه په مووش له ژیر گولدا ده شکینه وه.

***

هەواڵنامەی کتێب

# Jinanî parçe-çinî cîhan

Wergêrawî šî‘rêkî **Moa Martinsson** (1890-1964), *le kitêbî ”Sedeyek šî‘rî kargerî le Swed” (Arbetar-dikt i Sverige under ett sekel) nûsrawî Lars Furuland.* Rebwar kirdûye be kurdi. **Moa Martinsson** seraserî jiyanî karger bû. ”Jinan ü Darsêw” yekem romanî Moa Martinssone ke salî 1933 derçû. Le yekemin û taqe komele šî‘rîda, ”Rûwew-roj” (1937), têdekošê ew mebeste giringaney be dirêjî de sal û zyatirîš destew-yexey bibûn, ko katewe. Dewrûberî 1940 bû ke šî‘rî ”Jinanî parçe-çinî cîhan”î bilaw kirdewe.

## Jinanî parçe-çinî cîhan

*Beri beyanî zeman bû destman pêkird;*
*be çinîn û ristinî bê biranewe.*
*Ême ew xiwa bênawaneyn;*
*feramošbûy beyt û bawî gišit beyt-bêjan.*
*Be šiwên tan û pokanmanda*
*le dûy pûš û leban û tûl,*
*be šiwên pemûda û ketanda,*
*be mekarey betalewe,*
*be nêw bêše bonxošekanî dare tû,*
*be šiwên kirmî hewrîšimda*
*sertaserî cîhan gerayn.*

*Honîmanewe bo hemû zîndeweran,*
*gewre û biçûk;*
*‘abay daykî xiwašman çinî;*
*bo šerîš û bo šeytanîš;*
*bo kilîsa û bo Xiway Gewreš;*
*‘abay sûry celladekan…*
*Gišt emaneš be gwêrey qanûn û încîl.*

*Honraweman le kakêšan dirêjtir bû.*
*Beši dapošînî hemû kurey zewîman honyewe,*
*heta çîn-çîn, wek buxçeyekî zor gewre,*
*dizêwîye rûtekanî pê dapošê.*

*Belê hêndeman honyewe;*
*herçend hêšta resayî naka gišt jin û piyawanî hel-lerzîwy pê pošte keyn û xatircamiš bîn detwanîn newey dahatûš pošte keyn!*

*Mindalan le dayik debin,*
*zistan bê, ya xud hawîn bê,*
*be rûtî çawyan depišikwê be jiyanyan.*
*Belam berxiš le dayik debin, ketaniš gul dekenewe û binje pemokanîš le jêr gulda deškênewe.*

*Qed ême lê nabînewe le çinînî parçe û perçem!*
*Qed nageyne çinînî axir qeware!*
*Le šeqijnî sîrinî šer-da*
*ême deçnîn bo newey niwê û*
*gwê le sîrinî šepol-danewey xiwên degrîn*
*le gwêman da, ke xirmijnî jînî pêye;*
*sirwey pena û mîhrebanî eçirpênê.*
*Qed nemanpirsî le erbab debê çibkeyn,*
*ke deste xarawekanî xoman çaresazî hemû*
*saxtî û hele û natewawîyekin.*
*Ey gišt ewaney xerîkî honînewey bîr û wišen!*
*Dadey parçeyek be qed hî ême gewre û*
*germa-bexšî sertaserî zewîman bo bihonnewe.*
*Ba le salî zîndeweranda dîdar keyn;*
*le cîhanêkda ke lewê ne kes bêhormetew ne rût;*
*lewê xirape mirdûwe û aštî û asayišt xebere*
*lewê hemû yarîderin, hîçkesîš dest nawešênê.*

*Ey gišt honeranî bîr û wiše!*
*Dadey parçeyekî awa gewre bihonnewe!*
*Êma ew xiwa bênawaneyn;*
*feramošbûy beyt û bawî gišt beyt-bêjan.*
*Beri beyanî zeman bû destman pêkird;*
*be çinîn û honînî bê branewe.*
*Mindalan le dayik debin, be rûtî,*
*zistan û hawîn.*
*Belam berxîš dêne bûn û*
*ketaniš gul dekenewe û,*
*binje pemuš le jêr gulda deškênewe.*

# دەربارەی شۆرشی مارسی ١٩٢٠ لە ناوچەی "روور" Ruhr لە رۆژئاوای ئالمانیا_

ئامادە کردنی: سە لام عبداللە ئیبراهیم

پاش جە نگی جوتیاران ئە م شورشە بە گە ورە ترین راپە رینی چە کدارانە لە میژووی ئە لمانیا داد ە نریت. بویە سە رسورمانی ناویت کە دە سە لاتدارانی ئە م ولاتە لە سالی بیستە وە هە موو ریگایە کیان گرتووە تە بە ر بو ئە وە ی یادی نە کریت و بایەخی پی نەدریت. لەسالی ١٩٧٨_١٩٧٠ بو یەکەم جار لە لایەن میژووناس "ئیرهارد لوکاس"ەوە بە خەستی دە ربارە ی نووسرا و بلاو بووە وە.

لە ١٣ی مارسی ١٩٢٠ پاش چەند شەریکی کورت بو نەمانی لەشکری کونی قەیسەر، کودەتایەکی راستڕەوی رادیکال لە بە رلین بە رپاکرا و بە ناوی کودە تای کاپ ناسرا. حکومە تی ئیبە رت هەلهات، پاش ئە وە ی بە شە کانی لەشکر بە گویان نەکرد. پاش ٣ روژ حکومەتی ئەفسەرەکان بە هوی گەورەترین مانگرتنی گشتی لە میژووی ئەلمانیادا، پەکی کەوت. مانگرتنەکە لە ناوچەی "زاکسن"، "تورینگن" و "روور" بە رە و خە باتی چە کداری گە شە ی سەند. لە ناوەراستی ئەلمانیادا لەشکر پاش جەنگیکی خویناوی دەسەلاتی گرتە دە ست. بە لام لە ناوچە ی "روور" کریکارە کان هە ر لە یە کە م روژە وە سە رکە وتنیان بە دە ست هینابوو. لیرە دا کریکارە کان پییان کرا لە کاتی مانگرتنە کە و لە چەند شەریکی کوتوپردا "لەشکری سوور" دابمەزرینن و بە خیرایی ژمارەیان گە یشت بە ٨٠٠٠٠ کریکاری چە کدار. ئە م لە شکرە کە بە باشی پر چە ک نە بوو، توانی لە ١٧ی مارس شاری دورتموند، لە ١٨ی مارس شاری هام و لە ١٩ی مارس شاری ئیسن رزگار بکە ن و پاشماوە کانی لە شکری رایخ (رایش) بە رە و دواوە هە لاتن. لە م کاتە دا مانگرتنە کە لە بە رلین و ناوچە کانی تری ئە لمانیا پچراندنی بە سە ر هات و حکومە ت بە رە و بە رلین گە رایە وە. بە لام هە موو ناوچە ی روور لە ژیر دە سە لاتی کریکارە چە کدارە کاندا مابووە وە. ئە م لە شکرە سە رکردایە تیە کی هاوبە شی نە بوو، تە نانە ت بنکە یە کیان نە بوو بو هە وال گورینە وە لە نیوان مە فرە زە و تیپە جیاجیاکاندا.

لە ٢٠ مارس یەکیەتی کریکاران کوتایی بە مانگرتنەکە هینا و لە ٢٢ی مارس سەرکردایەتی پارتی سوسیالدیموکرات و پارتی یەکیەتی سوسیالدیموکراتەکانی ئالمانی، بریاری یەکیەتی کریکارەکانیان قبول کرد. حکومە تی ئیبە رت سە ر لە نوی لە گە ل ئە فسە رە کانی لە شکری رایخ یە کیان گرتە وە . لە شکری رایخ کە وتە گە مارودانی ناوچە ی روور و ریگای لە گە یشتنی خوراک بو ناوچە کە بری و هە موو هیزە کانی لە ناوچە کانی ئەلمانیا کوکردە وە و لە هە مان کاتدا حکومە ت، کومیسە ری دە ولە ت "کارل سیڤرینگ" _ سە ر بە بالی راستی سوسیالدیموکراتە کان_ نارد بو شاری بیلەفیلد بو وتوویژ کردن لە گەل نوینەرە بە ناوبانگەکانی کریکارە کان بو راوە ستاندنی شە ر. لە روژی ٢٣ی مارس پەیمانی بیلەفیلد مور کرا. لەو پەیماننامەیەدا، نوینەرانی "لەشکری سووری روور" هیچ جی پە نجە یە کیان بە جی نە هیشت. پە یمانە کە زور زیرە کانە بو دوو بە رە کی خستن لە ناو ریزە کانی لە شکری سوور داریژرابوو. کریکارە رادیکالە کان و ئە وانە ی متمانە یە یان بە حکومە ت نە مابوو، پە یمان نامە کە یان پی قە بوول نە بوو و چە کە کانیان دانە نا. بەلام ئەو بەشە لە کریکاران کە لە سوسیالدیموکراتەکان و یەکیەتی یە کریکاری یە مە سیحی یە کان نزیک بوون، پە یماننامە کە یان پی باش بوو. لە م روژە وە لە شکری رایخ کە بە پیچە وانە ی کریکارە کان تە واو پرچە ک و تیر تە سە ل بوو، هیرشی بردە سە ر ناوچە ی روور و خوی بە رزگارکە ر ناو دە برد.

یە کە م ئولتیماتومی چە ک دادانان و خو تە سلیم کردن، تا ٢٨ی مارس بوو کخ دوایی تا ٢ی ئە پریل کاتژمیری ١٢ی نیوەرو دەوامی دریژەی پیدرا. بەلام لەشکری رایخ لە ٣١ی مارس؛ لە هەموو بەرەکانەوە هیرشی بردە سەر کریکارەکان.

لە یە کە م روژە کانی مانگی ئە پریل دا، لە شکری سوور شکستی خوارد. هە لبە تە چە ند تیپیکی بە ربلاو هە تا روژی ٦ی

ئه پریل  دریژه یان به شه ر دا. له م روژه به دواوه "تیروری سپی" ده ستی بالای په یدا کرد. هیزی "فرای کورپ" و له شکری حکومه ت که له خزمه تی حکومه تی سوسیال دیموکراته کان، کوتایی به له شکری سووری روور هینا، به شیوه یه کی درندانه تولـه یان لـه نه یاره کانیان ده سه ند و به کومه ل خه لکیان ده ستگیر ده‌کرد؛ کراسیان له به ر خه لک ده دراند و ئه وه ی چی په نجه ی قایشی تفه نگ له سه ر شانی بووایه، واته چه کی هه لگرتووه و ده س به جی به ر فیشه ک ده درا. به هه مان شیوه ش ئه و کچ و ئافره تانه ی که له به شی ته ندوروستی و چیشت لینان چالاکیان نواندبوو، بی به زه ییانه به ر فیشه ک ده دران. ته رمی زوربه ی ئه م کریکار و هاوری کوژراوه کانیان، به بی ناو و به کومه ل له گور ده نران.

***

هەواڵنامەی کتێب

# چاوپیداخشانیک بە سەر
# شیعری "کچیبەیان"ی سوارەی ئیلخانیزادە

فایق عبداللهی

## کچی بەیان

١ــ من ئه لیم:
په پووله یه ک فری به بالی سه وز و سووره وه
من ئه لیم:
گولی به ده م شنه ی شه ماله وه بزه ی بزووت
٢ــ تو ئه لیی:
چ بوو په پووله یه ک فری
یانه سووره گول، زه رده که وته لیوی ناسکی
٣ــ من ئه لیم:
هه تا هه تایه ده وری جوانی یه
ئه مرو گه ر هه تاو که سیره یه نه ماوه ئاگر و گری
میرگی ئاسمان به سووتمانی هه وری لوکه یی نه زوک
پر له خال و قوپه نه
جه نگه لی که جی ژوانی پوله پوری باری یه
جیگه مولی که متیار و گورگ و ریوی یه
شوره بی که بوته داری چاکی بی نه شه و شنه
زه لکه گه ر ته یاری تیر و قوشه نه
٤ــ خوشه ویسته که م
له په نجه ره ی نیوه تاکی بوومه لیله وه
چاوی من له دیمه نی کچی به یانی یه
له حه نجه ره ی زه مانه وه
گویم له زه مزه مه ی زولالی خیزه ورده کانی کانی یه.
٥ــ باسی شه و مه که نه شایه ری شه وم
باسی خه و مه که له لای هومیدی فیره سه ر ره وم
به و ده مه ت که بونی سه د به هاری لیوه دی
بونی ده شتی به ختیاری باوه شی چیای، به ده ستی با
به گول چناوی، لیوه دی
بونی سه رسه کوی به گاگلی، به ئاو پژاوی، لیوه دی
پیم مه لی که داکه وم

هەواڵنامەی کتێب

پیم مه لی که ئالی زالی شه و، چاوی بی خه وی چره
پیم مه لی نه هاتنه وه ئه وه ی که چوون
مه گری بو خه ساری بی گه رانه وه
ریگه مان دوور و سه خت و قاقره

٦_ خوشه ویسته که م
ئیمه نوینه ری خه باتی روژهه لات
روژهه لاتی سووری ئاگرین
فیر نه بوین به زین و دابه زین
رانه هاتووه
چاوی قاره مانی کورد
به شه ونمی گرین

٧_ خوشه ویسته که م
له په نجه ره ی نیوه تاکی بوومه لیله وه
چاوی من له دیمه نی کچی به یانی یه
له حه نجه ره ی زه مانه وه
گویم له زه مزه مه ی زولالی خیزه ورده کانی کانی یه.

سواره "١٣٤٨"

## ژیان و جموجول له چاوی شاعیردا

شیعری کچی به یان له ٧ به ند یا به ش پیک هاتوه که به ژماره لیکیان جیا ده که مه وه. هه لبه ت ژماره کان هی منن. له م شیعره دا دوو ده نگ ده بیسری، یه کی ده نگی ویژه ر خوی و ئه وی تریان ده نگی "خوشه ویسته که ی" ویژه ره. ئه م دوو ده نگه له سه ره تاوه تا ئه نجامی شیعره که له به رامبه ر یه ک دان. ویژه ر باس له فرینی په پووله به بالی سه وز و سووره وه و بزوتنی گولی به ده م شنه ی شه ماله وه ده کا. فه زای سه ره تای شیعره که پره له جم وجول و ژیان. په پووله و پشکووتنی گوول باس له ئال وگوری دلگیری سروشت و هاتنی به هار ده که ن که ویژه ر راسته وخو ناوی نابا. ویژه ر به دیتنی ئه م ئال وگور و جم وجوله هه ست به شادی و خوشی و نه وعیک سه رسورماوی ده کا. به پیچه وانه ی شادی و سه رسورمانی ویژه ر، "خوشه ویسته که" واته ده نگی دووهه می شیعره که بی نه شه و شنه و سارده و بایه خ نادا به ئال وگوری شادی هینه ری سروشت. له چاوی ده نگی دووهه م دا، فرینی په پوله و بزوتنی بزه ی گوول به ده م شه ماله وه زور ئاساییین و رووداوی بچووک یان بی بایه خن.
ئه م بی خه یالی یه مان هه ر له یه که مین وته یه وه بو ده رده که وی: "چ بوو په پووله یه ک فری" واته فرینی په پووله شیاوی هیچ سه رنج و تیرامانیک نی یه. لیره به دواوه دوو رووحیه ی جیاوازمان به رچاو ده که وی که تا کوتایی شیعره که بریک جار به ئه مر و هه ندیک جاریش به پارانه وه له به رامبه ر یه ک و له کیشه دان.
له به ندی یه که م دا ویژه ر ته نیا ره نگی بالی په پووله که ی دیاری کردووه: "په پووله یه ک فری به بالی سه وز و سووره وه" و ره نگی گول نائاشکرایه. ده نگی دووهه م، ریک به پیچه وانه ی ده نگی یه که م، ره نگی بالی په پووله که (که له یه که م نیگادا به رچاوی هه ر بینه ریک ده که وی) دووپات ناکاته وه به لام ره نگی گوله که ده رده خا، ئه گه رچی به حه ز و چیژ و

وردبینی ده نگی یه که مه وه ناروانیته ده ور وبه ری خوی: "چ بوو په پوولە یه ک فری/ یانه سووره گول، زه رده که وته لیوی ناسکی". بینینی ره نگی سوور و لیوی ناسکی گوله که له ئه وجی بی ته فاوه تی ده نگی دووهه مدا ناسک بوونی هه ستی ده رده خه ن، ئینسانیک به چه ند هه ستی دژ به یه ک!

له به ندی سیهه مدا ویژه ر ده لی: "هه تا هه تایه ده وری جوانی یه". ئایا به له به ر چاوگرتنی هه تا هه تایه، وشه ی ده ور که کورت خایه ن و به برانه وه یه له جیگه ی شیاوی خویدا هاتوه و له گه ل هه تا هه تایه له دژایه تی دا نی یه؟! له دریژه ی ئه م به نده دا هاتووه: "ئه مرو گه ر هه تاو که سیره یه نه ماوه ئاگر و گری". به وردبوونه وه له وشه ی ئه مرو بومان روون ده بیته وه که باقی ئه وه ی له مه وبه ر هاتبوو هی رابردوو و دوی که یه. فورمی رابردووی کرداره کانی پیش ئه م به شه ئه مه ده سه لمینی: فری، بزووت. به م جوره له شیعره که دا زه مان راوه ستاو نی یه و له جوولە دایه ده نا به شی یه ک و دوو له گه ل به شی سیهه م ده که وتنه دژایه تی یه وه. په پوولە هاو ژین و هاو وه رزی گوله، گولیش یه کیک له هویه کانی ژیانی، تیشک و تینی خوره، که وابوو هه ر کاتیک خور که سیره بی و ئاگر و گری نه مینی، گولیش سیس ده بی و ده ژاکی. ئه م وته یه له بابه ت ئیدامه ی هه مان به ش له شیعره که شه وه دروسته. پر له خال و قوپه ن بوونی ئاسمان به سوتمانی هه وری لوکه یی نه زووک که سیمبولی وشکی و بی بارانی و مه رگه، له گه ل فه زای سه ره تای شیعره که نالیکه. له سه ره تادا په پوولە ده فری، گول ده پشکوی له کاتیکدا له به شی سیهه مدا هوی ژیانی گول و په پوله که سیره یه و دامرکاوه. ئه گه ر به ندی یه ک و دوو وه ک به شیک بناسین ئه م به شه له گه ل به شی سیهه مدا له ناکوکی دان و له دوو برگه ی زه مانی جیاواز ده دوین. له ئیدامه ی هه مان به نددا دژایه تی یه کی تر به رچاو ده که وی له نیوان جه نگه ل و جیگه مول بوونی بو گورگ و که متیار و ریوی. ویژه ر جه نگه لی له شوینی شایانی خوی دانه ناوه. ده زانین که جه نگه ل هه ر جیژوانی پوله پوری باری (لیره دا له وانه یه پیشمه رگه بی) نی یه به لکو به هوی جه نگه ل بوونی یه وه زور سروشتی یه که جیگه مولی گورگ و که متیار و ریویش بی. لیره دا ویژه ر مه به ستی نه پیکاوه. ویژه ر ویستویه تی ئه وه بگه یینی که ئه و جه نگه له ی پیشتر جی ژوانی پوله پوری باری بووه ئیسته وانه ماوه و بووه ته جیگه مولی گورگ و ریوی.
به ندی سیهه م سه رتاپا باسی مردن و دامرکان و داکه وتنه: "شوره بی که بوته داری چاکی بی‌نه شه و شنه/ زه لکه گه ر ته یاری تیر و قوشه نه". بی نه شه یی شوره بی سه ماکه ر، نیشانه ی ئال‌وگوریکی ویرانکه ره. زه لکه ی ئه ژنوشکاوی دواکه وتوو له وانه یه زه مانیک جوگه یه کی پر جووله و ره وان بووبی که ئیستا ته یاری تیر و قوشه نه و داگه نیوه. ئایا زه لکه له لایه ن شوره بی یه وه ده دریته به ر چه پوک و تیر و قوشه ن؟ ئایا لقه شور و وشکه کان و گه لای وه ریوی شوره بی دوینی و داری چاکی ئه مرو، زه لکه که یان خستووه ته گیانه للا و جووله یان لیبریوه؟ زه لکه له و به نده دا دوا نیشانه ی وه ستان ومردنه.
له به ندی چواره وه (که کرداره کان هی زه مانی حالن) خوینه ر بوی ده رده که وی که سه ره تای شیعره که له خه یالی ویژه ر دایه و له ئیستادا روونادا. چونکه له به ندی چواردا، له په نجه ره ی نیوه تاکی بوومه لیله وه (سه ره رای مردوویی و وه ستانی ژیان و سروشت که پیشتر باسی کرا) ویژه ر بو شتیکی تر ده روانی. ئایا ئه م به یانی یه، به یانی ئاره زویه، سه ره تای کوتایی که سیره بوونی خور و سامال بوونه وه ی ئاسمانه؟!
ئه مرو که هه وره کان نه زوکن و ده نگی هه وره تریشقه ناگاته گویی ویژه ر، به لام له م لاوه زه مزه مه ی زولالی خیزه ورده کانی کانی ده بیسی! هه ر له م به نده دا شه و وخه و، روژ و بیداری و هومیدی سه ره رو (بیستنی زه مزه مه ی زولالی خیزه ورده کانی کانی، نیشانه ی وشیاری ویژه ره) به یه که وه هاتوون. هه لبه ت ئه مه له لایه کی تره وه نیشانه ی بی خه به ری ئه ون. ئه و که سه ی که فرینی په پوولە و پشکووتنی گول نابینی یان بوی گرنگ نیه و له لای هومیدی سه رره وی ویژه ر باسی شه و و خه و ده کا، چون ده توانی ده می بونی به هاری لیوه بیت؟! ئایا بونی بی هیوایی و بیزاری له ژیانی لیوه نایه؟ چونه که بی سه ره تا ئه م هه ستانه زال بوون به سه ر هه سته کانی پیشووی "خوشه ویسته که"ی

ویژه ردا ؟

دوای ئه م هه موو سیفه ته جوانانه ی ده م، دیسان تکاکاری ویژه ر ده س پیده کاته وه: "پیم مه لی که داکه وم...". ئایا به ندی پینج له گه ل ره وت و هارمونی گشتی شیعره که دیته وه؟ ئایا ناکوک و زیادی نیه؟ له شه شیش دا دیسان بیداری (چاوم له دیمه نی کچی به یانیه) و هه روه ها وشیاری (گویم له زه مزه مه ی زولالی خیزه ورده کانی کانی یه) دووپات بووه ته وه. ئایا بو ئه وه یه که بلی خوشی چاوه روانی به یان (بلیین به مانای وشیاری، خه بات، شورش و رووناکی) که به کچ چواندراوه و شاعیر چاوه روانی ژوانیه تی یان دلداریه تی و به دزی بوی ده روانی، له خوشه ویستی خوشه ویسته که ی له پیش تر و گرنگ تره؟ بوچی؟

***

هەواڵنامەی کتێب

# بابەتی سەرەکی لە فەلسەفەدا
## (دژایەتی نیوان ماتریالیزم و ئایدیالیزم)

نووسینی: ئافاناسیف

وه رگیرانی له عه ره بی یه وه: حه مه عه لی حه سه ن

فەلسەفە یەکیکە لە زانستە هەرە کونەکان و میژوو زور لە قوتابخانە فەلسە فی یە جیاجیاکانی بە خووە دیوە کە لە بارودوخی میژوویی جیاواز و لە زور جیی جیاوازی ئەم جیهانەدا هاتوونە کایەوە و نوینەرانی چین و تویژالە کومە لایە تی یە جیاجیاکان دانە ریان بوون.

کەواتە چون دەتوانین ریی خومان بە نیو ئەم هەموو قوتابخانە فەلسەفی یانەدا ببرین و چون نرخی زانستییان هە لسە نگینین و چون ری و جیی هە ریە کە یان لە میژووی فکری فە لسە فی دا دیاری بکە ین!؟

بو ئە م مە بە ستە ش پیویستە بزانین کە چون قوتابخانە یە کی فە لسە فی یا خو چون فە یلە سووفیک چارە سە ری بابە تی سە رە کی لە فە لسە فە دا دە کات، واتە چون دە روانیتە دژایە تی نیوان ماتریالیزم و ئایدیالیزم.

دیارە کاتیک لە مە ر دونیای دە ورو پشتمان بە وردی لیکولینە وە دە کە ین، تیبینی ئە وە دە کە ین کە هە موو شتە کان و دیاردەکان، یان ماتریالین (مادی) یا خود ئایدیالین (مثالي). کە هە ر شتیک بە شیوە یە کی بابە تی (موضوعی) هەبیت ، دەگەریتەوە بو دیاردە ماتریالییەکان، واتە ئەو دیاردانەی لە دەرەوەی هوشی مروفدا بوونیکی سەربەخویان هەیە. بو نموونە شتەکان، کردارەکانی سەرزەوی و هەموو ئەستیرەکان کە ژمارەیان بی پایانە لە گە ردوون دا... وە لە لایە کی ترە وە هە رچی یە ک لە هوشی مروف دا هە یە و سە ر بە چالاکی یە د ە روونی یە کانی مروفە (لە بیر و بوچوونە کان و هە ستە کان و... هتد) دە گە ریتە وە بو بواری ئایدیالی (مثالي) و رووحی.

وە پە یوە ندی بە ستن لە نیوان ئە م دوو دیاردانە دا (مادی و مثالی) لە سە ر بناغە ی ئە وە ی ئایا کامیان لە پیشترن و سەرچاوەن بو بوونی ئەوی تریان؟ وەلامی ئەم پرسیارە بریتییە لە مەسەلە سەرەکی یەکەی فەلسەفە و زور شتی تریشی لە سەر دەوەستیت وەک زانینی یەکیتی دونیا و بوون، شیوە و یاساکانی بە رە وپیش چوون و ناوە روکی جیهان و ریگە کانی زانینی... وە بە بی چارە سە رکردن و دیاریکردنی پە یوە ندی نیوان ئە م دوو لایە نە (مادی و مثالي) ناتوانین هیچ قوتابخانە یە کی فە لسە فی دابنیین و ناتوانین وینە یە کی گشتی بو جیهان و بوون بکیشین.

وە لامدانە وە بە م بابە تە سە رە کی یە ی فە لسە فە دە کری لە دوو لایە نە وە ببیت. یە کە م: وە لامدانە وە بە وە ی کە کامیان لە پیش ئەوی تریانە، واتە بوونی ماتریال (مادە) پیش بوونی هوش (وعي) دەکەویت یاخود بە پیچەوانە؟! دووەم: وەلامدانەوە بەوەی کە ئایا تیگەیشتن لە بوون و جیهان لە توانای عە قلی مروف دایە و مروف دە توانیت بچیتە نیو نهینی یە کانی سروشت و گە ردوونە وە و دە توانیت یاساکانی بە رە وپیش چوونی ئاشکرا بکات؟

ئە گە ر بە وردی سە یری ئە م مە سە لە بکە ین، دە گە ینە ئە و ئە نجامە کە ی کە دوو وە لام یا خود دوو ریگە چارە هە یە بو بابە تە سە رە کی یە کە ی فە لسە فە (واتە پە یوە ندی نیوان ماتریالی و هوش) یا خود بە جوریکی تر پە یوە ندی نیوان بوون (وجود) لە گە ل هوش دا (وعي). هە ر بە م پی یە ش و هە ر لە کونە وە دوو قوتابخانە ی فە لسە فی هە بووە.

ئە و فە یلە سووفانە ی دە لین بوونی "مادە" پیش بوونی هوشە و هوش بە رئە نجام و کاردانە وە ی بوونی مادە یە و دە لین مادە نەمرە و هیچ هیزیک خەلقی نەکردووە و لە هیچ زەمەنیکدا و هیچ هیزیکی غە یبی نیە و هوشیاری (وعي) بە رهە می بە رە وپیش چوونی میژوویی مادە یە و یە کیکە لە تایبە تمە ندی یە کانی تەنیکی مادي زور ئالوز کە ئە ویش میشکە. ئە مانە پی یان دە وترین سە ر بە قوتابخانە ی ماتریالیستین.

بەلام ئەو فەیلەسووفانەی دەلین بوونی هوش لە پیشترە لە بوونی مادە، پی یان دەوتریت سەر بە قوتابخانەی ئایدیالیزمن. بە لای ئە مانە وە هوش (وعي) پیش بوونی مادە دە کە ویت و بناغە ی سەرە کی یە بو هە موو بوون. ئە م بە رە یە لە فە یلە سووفە کان لە سە ر بناغە ی ئە م پرسیارە کە چ جوریک لە هوش (وعي) خە لقی بوون و دونیا دە کات، دە کرین بە دوو بە شە وە.

بەشیکیان دەلین بوون و جیهان تەنیا هوشی تاکەکەس دروستیان دەکات؛ ئەمانە پییان دەوتریت ئایدیالی یە خودی یە کان (المثالييون الذاتيون).

بە شە کە ی تریان دە لین جیهان و بوون، هوشیکی بابە تی دروستیان دە کات کە لە دەرە وە ی مروف دا هە یە و جاریک ناودەبریت بە بیری تەواو (الفكره المطلقه) و جاریک ئەم هوشە بابەتی یە ناو دەبریت بە توانای گشتی (الاراده الشامله) کە لە هەر دوو حالەتەکەدا دەکری باس لە بوونی خوایەک بکریت. ئە م بە شە لە فە یلە سووفە کان پییان دە وتری ئایدیالیستە بابە تی یە کان (المثالييون الموضوعيون).

پاشان لە سە ر مە سە لە ی وە لامدانە وە بە وە ی کە ئایا عە قلی مروف توانای ئە وە ی هە یە لە نهینی یە کانی سروشت و جیهان و بوون تی بگات، فە یلە سووفە ماتریالیستە کان دە لین بە لی. بە لام فە یلە سووفە ئایدیالیستی یە کان لە وە لامی ئەم پرسیارەدا بەشیکی تریان لی دەبیتەوە کە دەلین نەخیر. ئەمانەش ناودەبرین بە ئایدیالیستە نازانمی یەکان (المثاليين اللاأدريين).

هەرچەندە بەشیکی تر لە فەیلەسووفە ئایدیالیستە ذاتی و موضوعیەکانیش دە لین بە لی دە کری عە قلی مروف لە نهینی یە کانی سروشت و بوون تی بگات، بە لام ئە مانە لە راستی دا ناوە روکی زانین ئە شیوینن و بە وە ی کە مروف هیچ لە دونیای بابە تی نازانیت بە لکو بیرو هوشە کانی خوی دە زانیت وە ک ئایدیالیستە ذاتی یە کان دە لین... یاخود لە بیرە غە یبی یە کە و گیانە گشتی یە کە بە ئاگایە، وە ک ئایدیالیستە بابە تی یە کان دە لین.

* * *

چیروک

# پیخەفیک لە خوین

یوسف عزالدین رەئووف

**(١)**

دلوپه خوینه کان وه ک سالانی ته مه ن، له قولایی زامیکی کونه وه دروست ده بوون و به بیده نگی به رده بوونه وه. له به شی سه ره وه ی ژوریکی ته لخدا؛ پیخه فیکی بور هه روه ک ئه وه ی که سیک زامداری کردبیت، خوینی لی ده رویشت. دووپشکیکی ره ش به مردوویتی له دوو توی ی کتیبیکی زه رددا خه وتبوو. دلوپه خوینه کان له سه ر عه رده که ریچکه یان ده به ست و ده بوونه چنگیکی ره ش و به سه ر شووشه ی په نجه ره که دا هه لده زنان؛ به ره و پانکه کونینه که خویان ده کوتاو هینده ی تر ره شیان ده کرد. قرژالیک له نیو بلووری چرایه کدا به بیده نگی خه وتبوو. گه رما ژووره لیخنه که ی فوو ده دا و بینایی لیل دەکرد. تەنها پیخەفەکە نەبیت، بەبی وەستان خوینی لی دەچورا. ئەو پیخەفەی کە لە سەرەتای ته مه نیدا شینیکی کال بوو، پاشان بووه عه بایه کی ره ش و ئیستاش وه ک خاکی کوشتارگایه ک، دیته پیش چاو.

سیگاریکم له چای وشک پیچایه وه و کیشام. دووکه ل و هه لم و گه رما، به هه موو لایه کدا خویان ده کوتا و ته نها نزیکی پیخەفەکە نەدەبوونەوە؛ ئەو پیخەفەی کە پیش سەعاتیک هینرایە ئیرە و بەرامبەر بە مانەوەشی، ئەم پە ساپورتە یان دامی... به لام بوم نه بوو له جی ی خوم بجولیمه وه و تی ی بروانم. ته نانه ت بوشم نه بوو لییان بپرسم، چی یە و بو دەیهیننە لای من. بونیکی سەیر، لە پیخەفەکە دەهات و سەری وەگیژ دەهینام و لە دەریاچەی خەونیکی ئه فسووناوی نزیکی ده کردمه وه. به لام نه ده بوو پیلوه کانم لیک بنیم و بخه وم.

ئه و پیاوه ی که له به راز ده چوو پی ی گوتم:

((تا ئه م پیخه فه لیره دا بیت، تو بوت نیه بدوییت. بوت نیه ده رگا و په نجه ره بکه یته وه، بوت نیه هه ناسه بده یت، نه با پیخه فه که به ئاگا بیت... ))

ئه وه بو دوو سال ده چیت من له م ژووره دا ده گوزه ریم. پاش هه لاتنم به زور کاره وه خوم سەرقال کرد و دوا جار بوومه ته زویرچی و ژووره که شم کرده کاروانسه رای موسافیره کان و به رده بازیک بو په رینه وه. به لام تا ئیستا هیچ پیخه فیک به میوانی له ژووره که مدا نه مابووه. روانیمه ئاوینه ته لخه که و گه مه م به مووه ره شه لوول بووه کانی سنگم کرد و هیلنجم دا. پیم وابوو، گه ر له م ژووره دا زیده تر بمینمه وه دلم ده ته قیت.

رووکارم زەرد و هەلبزرکاو لە ئاوینەکەدا وەدیار دەکەوت و بالاشم هیندەی دریژی شوین جیگای هه نگاوی دلوپه خوینه کان سیبه ری ده دا. قرژاله که م له نیو بلووری چراکه ده رهینا و دامگیرساند؛ کوژایه وه. یه ک دوو جاری دیکه ش پیم کرد و هەر کوژایەوە. پیدەچوو نەهەنگیک هەموو ئوکسجینی ژوورەکەی هەلمژیبیت؛ تو بلی ی ئه و پیخه فه خویناوییه هه ناسه بدات!؟

بابوله که ی نیوه روم له زارم نزیک کرده وه و رشامه وه. نه مده توانی بابوله یه کی خویناوی بخوم. کتیبه زه رده که م له سه ر عه رده که هه لگرته وه و بیباکانه په ره کانیم لیک جودا کرده وه. دووپشکه ره شه که خوینی لی د ه چورا. وشه کانم به سووری ده دیت. په راویز و پیچ و په نای کتیبه که ش ده بووه پارچه گوشتیکی خویناوی. کتیبه که م توورهه لدا و به ره و ده رگاکه هه نگاوم نا. له ده ره وه را کلوم درابوو، ته نها من و پیخه فیک و تاریکایی ژووریک، ئامبازی یه کدی ببووین... ده بوو

میز و پیساییش لە نیو تەنەکەیەکی ژەنگاویدا بکەم. خەیال و ئەندیشەم وەک ئەختەبووت، تەنها نیچیرە زامدارە کانیان دە بینی و رکیکی سووریش لە پە نجە کانمە وە دادە چورا. کە فیکی رە ش لە زارمە وە ریچکە ی بە ست بوو.
بی هە ست و خوست دە جوولامە وە، نە بادا ئە و پیخە فە بە ئاگا بیت و ریسە کە م لی ببیتە وە بە خوری. گالتە م هاتی و لە ناخە وە بە خومدا شکامە وە و گالتە م بە ئە قلم کرد. چون پیخە ف بە ئاگا دیت، یان چون هە ناسە دە دات. مە حالە گە ر شە یتانیش بیت لە جی ی خوی ببزویت... ئە ی ئە و دلوپە خوینانە چی یە کە پە یتا پە یتا پانتایی عە ردی ژوورە کە داگیر دە کە ن؟ تا قولە پیم هە رخوینە. سە یرە هیچ مروفیک هیندە ی خوین تیدانیە. بە لام خو ئە مە پیخە فە و پیدە چیت لە ریی دە ریاوە ئاودیوی بکە ن. نە دە بوو ئە و پرسیارانە لە میشکمدا گە را دابنیت و سندوقە سەرم بتە نیت، ئە و کە للە سە رە ی کە تە نها کرموکە ی رە شتالە ی تیدا دە ژی و هیچ پنتکیکی سپی تیدا بە دی ناکریت .
لە هە موو ئە و ئە ندیشە و خە یالانە هە لهاتم و بە دە نگە ناوازە کە م گورانییە کی بی تامم چری. دە بوو لە نیو دە نگیکدا خوم لە پیخەف و شوین پەنجەی پەلە خوینەکان بشارمەوە و چیدی نەروانمە ئە و شتانە ی کە رە نگیان دە گوریت. لایتیکی گە وە رە م داگیرساند و ژوورە کە م وە ک کە شتیە کی تیک شکاو هاتە بە رچاو کە هیندە ی نە مابیت، نغرو ببیت. سەدەها نەورەسی سپی لە پەنجەرەکەوە تییان دەروانیم و دەنووکیان خوینی لی دە چورا؛ چاوە کانیان وردە لمی لی دە باری. ئە وان شتیکیان دە زانی و من نە مدە زانی. ئە مرو نهینی یە ک لە م ژوورە دا منی کردوتە پاسە وان و دە رگاکە شی لە سە ر کلوم داوم.
تیشکیک دەرەوەی رووناک کردەوە و قاتە رەشەکەی باوکم بینی لە بەری ژنیکی ورگندا بوو. بە تەواوی سنگی خستبووە بەر با و مەمکەکانی لە سەرە قاژووی سەربراو دەچوون. لەقلەقلیک بە بە ردە میدا گوزە ری کرد و پاشان تەنها دەریا و تیشکی لایتی کەشتی و پاپورەکان، سەرنجیان راکیشام و دواجار بوونە پیخەفیک، کە بەهەموو لاکاندا، گەورە و دریژ دەبووەوە، تا ئەو حەلەی بەر شووشەی پەنجەرەکەم کە وت و بوومە لە رزە ئاسا، ناخمیان هە ژاند و ئاووهە وای دە ریا و شیداری شە و بونی قە وزە و ماسییە گە نیوە کانیان هینایە ژوور و دوو پە یکە رە ئیسکی ماسیش کە بە پە ردە کە وە هە لواسرابوون کە وتنە جوولە. هە موو شتیک لە و ژوورە دا دە نگی دە هات. جارجارە دە بووە زە نگی کلیسایە ک و هە ندی کاتیش ئاژیری پاپوریکی دوور و دواجاریش بە لوورە یە کی سامناک و دریژخایە ن کوتایی دە هات و پاشان ژوورە کە دە چووە نیو پانتاییە کانی بیدە نگی.
هەستم بە خنکان دەکرد؛ هەر بویە قەوزەکانم لە خوم دوورخستەوە و جلکە تەربووە کانیشم داکە ند و بە رووتی بە شوین بە رگیکی نویدا دە گە رام تا بیپوشم. بە شوین سیگاریکدا دە گە رام تا بیکیشم. نە مدە زانی دە گریم یان پیدە کە نم. لە گە ل ئە و چنگە خویناویانە بە شە ر هاتم؛ کە بست بە بستی ژوورە کە م دە گە ران. پە لیکی قرژالە کە م شکاند و بلووری چراکە شم خستە نیو تە نە کە ژە نگاوییە کە. هاوار و نالە ی دە ریاییکی توورە م پی بوو؛ بە لام وە ک ئە وە ی دوعایە کی تە لیسماوی زارمی بە ستبیت، نە مدە توانی پر بە گە رووم هاواربکە م و ئە و شە یتانە بە ئاگا بینم وبی بینم... بزانم چی یە و کی یە... چ کاریکی بە من هە یە و دە یە ویت بگاتە کوی. ئیفلیجی، میروولە ئاسا بە جە ستە و بە دە نمدا هە لدە زنا. ماسولکە کانم تا دە هات رە قتر دە بوون و جە ستە شم هیندە ی قورسایی خنکاویک قورس ببوو. هاوارم کرد؛ بە لی هاوارم کرد: «ـ تو کی ی، ئەی ئەو شەیتانەی کە کاویژی خوین دەکەیت و خوین هەلدینیتەوە؟ هەلسەرە سەرپی و تیم بروانە، چونکە، ناتوانم تیت بروانم... هە ستە و لە گە لمدا بدوی، چونکە ناتوانم بتدوینم»
بیدە نگی وە ک تە ونی جالجالوکە هە موو کون و قوژبنیکی ژوورە کە ی تە نی و چاوە ری بیش پە پوولە دە نگیک بوو. چرپە و سرتە لە هیچ شتیک نەدەهات و پیدەچوو هەموو شتەکان پیکەوە سویندیان خواردبیت، چرپە یان لیوە نە بیت. تە نانە ت کاتژمیرە گچکە کە ی گیرفانیشم میللە کانی لە جوولە کە وتن و وە ستان. بی ئاگا، لە سە ر میزیکی گە ورە ی نزیک پە نجە رە کە راوە ستابووم؛ نە مدە زانی بو گە یشتوومە تە ئە وی، بە لام بە هە رحال، کە نە فتی و شە کە تی هیندە یان شالاو بوهینابوم، تا بە چوکدا هاتم و لە ناوە راستی میزە کە دا گرمولە بووم؛ دە شمزانی نە دە بوو بخە وم، بە لام نە مدە زانی

بو نه ده بوو بخه وم.
ژووریکی ده رگا کلوم دراو و دووره ده ست و پیخه فیکی خه وتوو. ده بی خه وتنی من چ بخولقینیت و چی بگوریت. خوشم نازانم پاسه وانی چ نهینیه کم. ئه و له لایه کی ژووره که یه و من له لایه کی دی... ئه و له قولایی خه و دایه و منیش بیدار پاسی ده که م. گیزه گیزی میشیک، ئه و ده نگه ئه فسوناوییه بوو، که به هانامه وه هاتبوو تا له نیو ئه و زه لکاوی بیده نگی و ته نیایی یه وه، ده رم کیشیت. ئیتر له و ساته وه هه ستم ده کرد، یه کیکی دیش هه یه ئاگای له پیخه فه که بیت. نه ده بوو بخه وم؛ ده مزانی نابیت بخه وم به لام گه ر نه خه وم ره نگه ئوکسجینی ئه م ژووره تا به یانی به شم نه کات و بخنکیم؛ به لام هه ر نه ده بوو بخه وم!

**(٢)**

(ئه و پشت کومه قه مووره که ده میک بوو ده یروانییه تیکچرژان و ئامبازبوونی دوو ره گه زی جیاواز... دوو ره نگی چاوی جودا... پاش ئه وه ی سه ده یه ک یه کتریان هینا و یه کتریان برد، قه مووری ره شتاله له فرسه تیکدا خه نجه ریکی له پشتی کچی پاشای یه کیک له ره گه زه کان دا و ئه و کچوله یه ی کوشت که بیست سال بوو، ده ریا له چاوه کانیدا خه وتبوو...)
ده میک بوو، ئه م رووداوه م، له کتیبه زه رده که دا خویندبووه وه؛ نازانم بو له نیوان خه و و بیداریدا هاته وه یادم. له نیو که ژاوه یه کی سووره وه، کچوله یه کی زه رد وه ک خوره تاو، چاوشین وه ک ده ریا ده رکه وت و قامکه کانی گرتم و پی به پیی ئه و هه نگاوم نا. سموره یه ک له نیو قه فه زیکدا مردبوو، بالنده یه ک هیلکه ی خوی ده خوارد و له نیو لوول پیچ وپیچ و په نای فنجانیکدا، شاریک ده رکه وت؛ مروفه هه زاره کان په یکه ری ئیسک بوون و ده وله مه نده کانیش گه ماله سه گی پیر و په ککه وته. له به رده م دره ختیکی چوارگوشه دا، شوین خه نجه ره که ی پیشاندام و سه رنجی ئه و دلوپه خوینانه م دا که لیی ده چورا. پیی گوتم:
«ــ هه ر له گه ل خه وتنی تو، من به ئاگام و چیدی ناخه ومه وه...
ــ گه ر تو نه خه ویت، ئه وه بیشک ده کوژریم. هه ست به ترسیکی گه وره ده که م له و پیاوه ی که ده م وچاوی له به راز ده چیت، ره نگه هه ر به شفره که ی سکم هه لدریت...»
لیم بووه پیریژنیکی سه د ساله ی عه یار و پیی گوتم:
«ــ سی هه زار سال له ئه شکه وتی ولاتیکدا خه وتم و نه مده ویست به ئاگا بیم؛ به لام قه موریک به بیست و چوار سه عات، منی له ویوه گه یانده ئیره.
ــ تو کی ی؟
ــ هه ر که سیک بم، تازه زامه که م ساریژ نابیت و به رده وام خوینی لی ده چوری؛ ئه و زامه ی که پاش سی هه زار سال کولایه وه...»
به ته نیا چوومه نیو ئه شکه وتیکی سپی یه وه و شاریکی ئه فسوناویم به دی کرد. ده ستت بو هه ر چییه ک ده برد، ده بووه خول و داده باری. ته نها جه سته ی مومیاکراویک نه بیت، که پیده چوو له و ساته دا مردبیت یان خه وتبیت.

زنجیری پانتوله که م کرده وه و میزیکی خویناویم روکرده نیو ئه و گومه خوینه ی که تا سه ر میزه که ش هه لکشابوو. پاش خه ونیکی ئه فسووناوی ته واو په شوکاو بووم. به په رده که ئاره قه ی ده م وچاوه سووره که م سری یه وه و روانیمه ئه و ده ریایه ی که ره نگی خوینی گرتبوو... که شتیه کان یه کپارچه خوین و چاروکه کانیش په له خوینی ره ش بووه وه..ه... تا ده هات زیده تر چنگه خویناوییه کان خویان ده کوتی. ده رگاکه دیار نه مابوو، ته واو به سوورایی سواغ درابوو. شووشه ی په نجه ره که، وه ک سکرینی سینه مایه ک ته واو سوور هه لده گه را و جارناجاریکیش چه ند په له روشنایی یه ک ده بوونه پردی پیکه وه گریدانی ده ریا و نیگاکانم.

چه ند هه ولمدا په نجه ره که بشکینم، به لام بوم نه شکا و بیهووده ماندوو و که نه فت له سه ر میزه که به چیچکانه وه دانیشتم. روانیمه پانکه کونینه که که به هیواشی هه لده سوورا و له جیگا زامیکه وه خوینی لی ده چورا. گه رمایه ک له لای راستی بربره ی پشتمه وه، خه ونه سه یر و سه مه ره که ی وه بیر هینامه وه و به خیرایی ده ستم بو برد؛ زامیکی شوین خه نجه ر و خوینیکی گه رم. به لی منیش وه ک هه موو شتیکی دیکه ی ژووره که بریندار بووم و خوین له جه سته م ده چورا...

له قله قیک له په نجه ره که وه تیی ده روانیم و باله خویناوییه کانی نیشان دام؛ که شتییه ک له چاوه کانیدا نغرو ده بوو. په یکه ره ئیسکی ماسییه هه لواسراوه کانی سه ر په رده که ش خوینیان لیده چورا و ده له رینه وه؛ وه ک ئه وه ی گیانیان به ر دا هاتبیته وه و بیانه ویت له مه رگ هه لبین!

هه ستم به تین وتاوی گه رمایه ک کرد، که له گه رووم‌دا گینگلی ده دا. ده ستم بو ده مم برد و یه که یه که ی ددانه کانم به ربوونه وه و پاشان دوو په له خوینی گه وره، وه ک ئیسفه نجیکی لیخن به ده ستمه وه هاتن. چاوه کانم خوینیان تیزا و چوزانه وه. بینایم لیل بوو، تاریک بوو... پاشان سوور داگه را و ئیدی هیچم نه دی. بونی خوین مه رگه ساتی کچوله یه کیان وه بیر ده هینامه وه؛

پاش ئه وه ی که بوو به ژیر ئوتومبیله وه، وه ک که لاک سه ربه ره و خوار به دار هه نجیریکدا هه لیان واسی و سی روژ و سی شه و خوینی لیچورا و پاشان ده جار کفنیان کرد و هه ر شالاوی خوین نه گیرسایه وه.

ده نگیک له ناخمه وه زایه له و سه دایه کی سه یری هه بوو "نه ده بوو بخه وی"؛ راسته نه ده بوو بخه وم، به لام نه مده زانی بو نه ده بوو بخه وم! تاویک به پیوه خه وتم و دواتر به ترسه وه پیلووه کانی چاوم لیک ترازان و روانیمه شووشه ی په نجه ره که و هیچ په له خوینیکم نه دیته وه. به لی خوین به ره و کونوچکه و قورینه و سووچ و که له به ری ژووره که هه لده کشا و ئاودیو ده بوو؛ دیوار و ده رگا و پانکه که ره نگی خوینیان لی ده وه ری و بور ده بوون. کتیبه زه رده که وه ک خوی بوو. قرژاله که ش له قورنه یه کدا خه وتبوو. ده ستم بو شوین زامه که ی پشتم برد، هیچ دیار نه بوو. جه سته م وشک ببووه له خوین و ته نها ئاره قه یه کی سویرم ده رده دا. له په نجه ره که وه روانیمه ده ر؛ ده ریا له به رده م کازیوه دا وه ک ئاسمانه مسیکی مه یله و شین ده ینواند و بیده نگ راکشا بوو.

به ره و پیخه فه که هه نگاوم نا و له وه دا بوو په توکه هه لبده مه وه و بزانم ئه و شه یتانه خه وتووه کی یه؟ ده رگاکه کرایه وه و پیاوه ده م و چاو به رازه که هاته ژوور و رووی تیکردم و به ده نگیکی زیقن پیی گوتم:

_ به خیرایی خوت بگه یه نه ره ئه و به له مه ی که له قه راغ ئاوه که دا راوه ستا وه.

_ به لام ئه ی پیخه فه که؟

_ .... !

وه ک جه سته یه کی مومیاکراو چوومه نیو به له مه که و پیاوه ده م وچاو به رازه که ئاماژه ی بو خاوه نی به له مه که کرد و که وته سه ول لیدان. که نارمان جی هیشت و که وتینه نیو دنیا بی کوتایی یه که ی سه فه ر... به لام ته نها چاوم بریبووه ئه و ژووره ی، که دوو سالی ته مه نم تیدا به سه ر بردبوو. پاش تاویک په رده کان دادرانه وه و ده رگاکه ش هه ر به کلوم دراوی مایه وه. ئه و له قله قه ش که نهینی پیخه فه که ی لا بوو له سه ر په یکه ری که شتییه کی شکاوه وه تیی

ده روانیم. تا مه ودای نیوان من و ژووره که زیده تر ده بوو چرتر ده مروانییه ئه و ژووره ی که ئاره قه یه کی شینی ده رده دا و تا ده هات وه ک ده ستی خنکاویک زیاتر روده چوو. نهینییه ک له ویدا بوو، چیدی نایبینمه‌وه... پیش ئه وه ی ژووره که ته‌واو له به‌ر چاوم ون بیت، سه‌رنجم دا... ژووره‌که تا ده‌هات به کاوه‌خو وه‌ک باله خانه یه ک به ئاسماندا ده چوو. هه‌روه‌ک ئه‌وه‌ی بیه‌ویت شتیکم پی بلیت یان نهینییه‌کی تازه‌م لابدرکینیت. هینده به رز بووه، تا بو دواجار بالایم بینی، بالای سی هه زار خرکه به رد، بالای شین پوشیکی ته ربوو و تیکه ل به لم... بالای پیخه فیک له خوین!

***

هەواڵنامەی کتێب

دوو کورته چیروک

عەباس شوان

# جەنگ

به دارسیویکه وه دوو سیوی گه نیو مابوونه وه، لی نه کرابوونه وه. نه ئه وه بوو خوبه خو به ربنه وه؛ نه ئه وه یش بوو روژی له روژان که سی ده ستی بو بردبیتن و لیی کردبیتنه وه؛ هه ر به جاری له بیرکرابوون.

خواو راستان روژی (با)یه کی به هیز هه لده کات؛ دارسیوه که ده هه ژینی و هه ر دوو سیوه که ده که ونه بان زه وی. به لام له گه ل که وتنه خواره وه یاندا له سه ر جیگا و شوین لییان ده بی به شه ر و کیشه، پالنان و بگره و به رده و یه کتری راونان و ده رکردن. هه رچی وشه ی سووک و ناجایز ده بی به سه ر یه کتریدا هه لده ریژن... سه ره نجامیش به ناوبژیوانی کوتریکی ره نگ سابوونی قایل ده بن!

کوتریش ده لی:

ـ داوه ری چیتان بکه م؟ نه ده زانم چون چونی به یه کگه یشتوون و نه ده زانم له سه ر چی به شه ر هاتوون. به س هینده م لی روونه دوو سیوی گه نیون؛ تا دریژه ش به ناکوکی و شه ر و کیشه تان بده ن، به دتر و بوگه نیوتر ده بن.

# داگیرکەر

ریوی هیرش دەکاتە سەر رانە مەریک. لە نیویاندا ملی بەرخیک دەشکینی و دەیفرینی. رانه مه ر به و په لاماره لەناکاوە شپرزە دەبن و ئەدەن بەیەکدا. وادەزانن گەلەگورگ داویەتی بە سە ریاندا. لە ترس و حه یبه تا له هه موو لایه که وه ده یکه ن به هه را:

ـ ئه ی هاوار، فریاکه ون گورگه، گورگ، گورگ هات؛ گورگ په لاماری داوین!

ریوی زور دوور نه که وتبووه وه. به به رخه که وه رایده کرد و هات وهاواری مه رانی باش باش ده بیست... له ریگای گه رانه وه تووشی به تووشی گورگیکه وه ده بیت. به شکات لیکردنه وه به گورگ ده لی:

ـ ده زانی ئه و مه ره ناجسنانه بو زراندنت له خت وخورایی بوختانیکی تریان بو هه لبه ستی!

ـ وایـه، ئـەوەی دەیلیـن راسـت و دروسـتە. زور لـه تـو ناوزراوترم. ئـەوان عـادەتیـانـه بـه هـەمـوو پـەلامـاردەر و ده ست دریژکه ری ده لین گورگ.

✻✻✻

# به پیوه بنمیژه

(رانانی کتیب)

ناوی کتیب: به پیوه بمنیژه

به ئینگلیسی: Bury me Standing

نووسینی: ئیزابیل فونسیکاس Isabel Fonseca

چاپه مه نی: Wintage Books, 1996

لاپه ره : ۳۳٦

رانان: تومی بینتسون

وه رگیری رانانه که: به کر ئه حمه د

"به پیوه بمنیژه"، ریپورتاژی روژنامه‌نووسی ئه‌مریکی "ئیزابیل فونسیکاس"ه که سه باره ت به قه ره جه کانی ئه ورووپای روژهه لاته. ناونیشانی کتیبه که له راستیدا ده ربرینی قه ره جی بولغاری "مانوش رومانوڤس" ه. ئه م ده ربرینه به خوین و فرمیسک نووسراوه و راستیه که ی، یاخود ته واوی ده ربرینه که ئاواهییه ؛« به پیوه بمنیژه! ئاخر هه موو ته مه نم له سه ر چوک بووم.» رومانوڤس ته نها مه به ستی خوی نییه. به لکو ئه و تراژیدیای قه ره ج به یان ده کات. به لام ده ربرینیکی خه‌ماوی‌تر؛ راستی‌تر، بی‌گومان پر مانا و به‌لام به ته‌واوه‌تی به پیچه‌وانه‌ی ده ربرینه که ی رومانوڤس، ده ربرینی قه ره جی ئینگلاندی (پیته ر میرسیر)ه. پیته ر کاتیک به لای مالی ئاگرتیبه ردراوی قه ره جه کاندا تیده په ریت که بووه ته خوله میش به ده ستی یه کیک له لومپنه کانی رومانیاوه له سالی ۱۹۹۳دا، ده لیت: «ملت بشکینه بو جه هه نه م. ئاخر من بوومه ته دژه ئاگر.»

له م دوو ده ربرینه دا، وینه یه کی میژوویی قه ره جی ئه ورووپامان دیته به ر ده ست.

سه ده ها سال له کوششی له ره گ و ریشه وه ده رکیشان، هه ندیک جار فشاری بی وینه، ناوه ناوه ش فشاری سیمبولی و کولتوری؛ ئه ویش له ریگه ی هه ولدان بو تواندنه وه یان له کولتوری زوربه دا، ئه مانه ئه و وینه یه مان پیشان ده دات؛ که چون قه ره جه کان ده خرینه سه رچوک، هاوکاتیش چون له به رانبه ریدا به رهه لستی نیشان ده دریت؛ بوون به دژه ئاگر.

رووخان و هه لوه شانه وه ی بلووکی خورهه لات له سالی ۱۹۸۹دا، وه ک رزگاریه کی ساده و بی گری و گول نه بووه بو ئه و پینج ملیون قه ره جه ی که له ئه ورووپای خورهه لاتدا ژیان به سه رده به ن.

هه‌مان کردار له دی به دیی رومانیا و بولغاریا و یوغوسلاڤیا و چیکوسلوڤاکیادا دووباره ده بیته وه. بچووکترین تاوانی قه‌ره‌جیک؛ سووکه ده‌نگه ده‌نگیکی ناو ریستوران و باریک، کوتاییه‌که‌ی به‌وه گه‌یشتووه که هه‌ر چه‌قوکیش و لومپه نیک، ده ستی داوه ته چه کی ئاگر و به نزینه که ی و هه لی کوتاوه ته سه ر مالی قه ره جه کان ده ستی کردووه به ئاگر تیبه ردانی ماله کان. پاشانیش که وتوته لیدانی ئه وانه ی که له ماله کاندا هه لنه هاتوون.

ئه وه ی که کرده وه ی مال سوتینه ره کانی ده کرده زیاتر له هه لچوون و تووره بوونیکی تاکه که سی که زیاتر به پیشداوه ری و رقی تایبه تی قان درابی ؛ ئه وه یه که ئه م کرده وانه ده بیته پروسه یه کی له پیشدا داریژراو که هه میشه فوو به بنی ئاگره‌که‌دا ده‌کا؛ ئه‌ویش له‌لایه‌ن ده‌ستگاکانی ئه‌و ده‌وله‌تانه‌وه که قه‌ره‌جی تیا ده ژی. هاوکاتیش هیچ کات ئه م ده‌ستدریژیانه له لایه‌ن پولیسه‌وه لیی‌نه‌ده‌کولرایه‌وه و تاوانباران نه‌ده‌خرانه به‌ردادگا. ئاخر قه‌ره‌جه‌کان نیچیریکی بی پشت و په نای یاسا بوون. ئا له م هه ل ومه رجه ناسک و پرگورانکاریه دا، ئیزابیل گه شتی خوی بو ناو قه ره جه کان ده ست پی ده کات؛ ده یه وی بزانی ئه وان چون ژیان به سه ر ده به ن و چی له ناویاندا ده گوزه ری. ئه و ده چیته گه ره کی

هەواڵنامەی کتێب

ماله سووتاوه كان و له گه ل قوربانی و جه للاده كاندا ده په یڤی. هاوكاتیش له نزیكه وه ئاگاداری كوشش و خه باتی ماندوونه ناسی هه لسووراوانی قه ره جه كان ده بیت كه خه ریكی خوریكخستنن. ئه و بو ماوه یه ک له ناو خیزانی قه ره جه كاندا له بولغاریا و رومانیادا ده ژی. خه ریک ده بیت به پشكنین و هه لكولینی زانیاری و گه ران به دوای دوكومینتی میژوویی له "بوخارست" دا. به شوین كوچی قه ره جه كانه وه یه كه به ره و خورئاوا ریده كه ن له ریگای پولونیاوه. ئیزابیل وینه یه كی له یه كنه چووی توانابیه كانی گرووپیک ده كیشیت؛ كه ده یه ویت به زیندوویی بمینیته وه؛ گرووپیک كه له چوارچیوه ی هه لومه رجیكی كومه لایه تیدا ژیان به سه ر ده به ن؛ ژیانیک كه له گشتیتی خویدا به كه ش و هه وایه كی دوژمندارانه ده وری گیراوه.

ئیزابیل ئه و رق و بیزاریانه نانووسیت كه خوی ده یبینیت و ده یبیستیت. ئه و زور كه م به زمانی خوی ده نووسیت. به لام تووریی و ئاره زووی تیگه یشتن ئه و موتوره یه كه تیكسته كه به شیوه یه كی سه رسورهینه ر ده باته پیش و خوینه ر ناچارده كات له گه لیدا برواتا. هه ندیک جار ئیزابیل به زمانیكی سووكایه تی ئامیز به دیدیكی گشتی كه ره وه ده نووسی: « قه ره جه كان درو ده كه ن، ئه وان زور درو ده كه ن.» به لام خیرا خوی راست ده كاته وه: « به لام نه ک بو یه كتری، به لكو بو گادی ــ غه یری قه ره ج ــ» پاشانیش روونكردنه وه ی خوی ده داته ده سته وه:

«بو ئه وه ی گادی به لاریدا به ری و خوی لیبپاریزیت. بو ئه وه ی سه ربه خویی و كولتووری خوی له كه ش و هه وایه كی دوژمندارانه ی كولتووری زوربه دا بپاریزیت. ئه وان ئه و شته ده لین كه گادی ده یه ویت گویی لی بیت. ئه وان له مه دا بو ئه وه یان نییه كه خویان دلشاد بكه ن. به لكو زیاتر بو ئه وه یه كه: چیروكیكی باش، كاریكی خوشه، ئه مه جوریكه له میهره بانی به رامبه ر به گوی گر. ئاخر گویگر پیویست ناكات دلی ناخوش بیت.»

ئه وه ی كه هه موو تیكسته كه پیكه وه، وه ک ریپورتاژیكی به هیز ده رده خات ئه وه یه كه جیگایه ک، بو به چاویكی گشتی سه رنجدانی قه ره جه كان، ناهیلیته وه.

ئه و هینده له ئینسانه كان نزیک ده بیته وه و كه سی وا ده دوزیته وه؛ كه له گه ل كه س و تاكه كانی تردا هیچ شتیک كویان ناكاته وه. "ئه نتونیتیتی" بولغاریا، هیچ كاتیک خوی لای خیزانی "دوكادا" نابینیته وه له ئه لبانیا، هاوكاتیش به چاویكی سووكه وه سه رنجی خیزانی "كازكی" ده دات له رومانیادا. قه ره جه كان زور دوورن له یه كچوویه كی كولتووری وه یاخود وه ک گوروپیكی له یه كچوو. قه ره ج ناویكه كه خه لكی تر به وانیه وه لكاندووه، به بی ئه وه ی ئه وان خویان شتیكی له یه كچوویان هه بیت.

ئیزابیل خوشی گومانی له و تیوریه هه یه كه قه ره جه كان وه ک لیكچوویه كی ئیتنی ـ میللی ـ سه رنج ده دات. له ساله كانی ۱۴۰۰ــ۱۸۵٦ دا كویله داری له ئه ورووپادا داده مه زریت كه بنكه كه ی رومانیایه. كویله كانی ئه ورووپا قه ره ج بوون. كاتیكیش بازاری كویله داری پیویستی به هیزی كاری زیاتر ده بیت؛ خه لكانی تر له باكوور و خورهه لاته وه ده هینرین تاكو وه كو كویله بفروشرین، بویه هه ر وه كو كویله ش ده كرین به قه ره ج. ئه مه له كاتیكدا ئه و كویله تازه هینراوانه قه ت به زمانی رومانی قسه یان نه ده كرد. ئه مه له كاتیكدا ئه وان هیچ خوو و ره وشتیكی لیكچووی وه ک قه ره جه كانیان نه بوو. هه ر ئافره تیک شووی به قه ره جیک بكردایه؛ خوشی ده بوو به قه ره ج. پاشان ئیزابیل خوی به لای ئه و تیزه دا ده چه مینیته وه كه: قه ره جه كانی ئه مروی رومانیا؛ به پله یه كی بالا یه ک شوین پیی چینایه تی له یه كچوویان هه یه وه كوو كویله؛ نه وه ک لیكچوونیكی هاوبه شی نه ته وایه تی. به لام له ئیستادا زوریک له رابه ران و هه لسووراوانی سیاسی قه ره جه كان، خویان وه ک كه مایه تیه كی نه ته وه یی چاولیده كه ن و خوازیاری یه كخستنی ئه م گرووپه په رش و بلاوه ن له ژیر ئه م پیناسه یه دا.

پرسیار هه روه كو له سه ره تاوه كراوه یه و ئالوزیشه ئه وه یه كه: ئه م پرسیاره به ئیحتیمالیكی زوره وه باس له تیكه له یه ک له نه ته وه و چین ده كات.

ئه وه ی له مرودا ئینسان زیاتر جه ختی له سه ر ده كات؛ ئه وه یه كه ئه م پرسیاره مانایه كی سیاسی و ستراتیژی له خویدا

هه‌لگرتووه.

له مـرودا، وه لـه هیستیریای نـه تـه وایـه تـی سـالـه کـانی ١٩٩٠دا، (گـادی ـ غـه یری قـه ره ج) زیاتر بـاس لـه نـه تـه وه ده کـات وه ک لـه تـویژ و چینی کـومـه لایـه تی. کـه وایـه بـوچی جـه خت لـه سـه ر نـه تـه وه بـوونی قـه ره جـه کان نـه کریت؟

***

هەواڵنامەی کتێب

# پرسەی دینی تا کەی؟

کاروان عبدالله

ماوە یە ک لـە مـە و بە ر هە والی مردنی ناسیاویکم پیگە یشت. منیش لە گە ل برادە ریکم لە ستوکهولم، بە پیویستمان زانی
بچینە پرسە کە و سە رخوشی لە کە س و خزمانی بکە ین.
پاش کاتژمیریک ریگەبرین گەیشتینە شوینی پرسەکە. سلاومان کرد و دانیشتین. منیش بە بی خویندنی "الفاتحە"
دە ستم بە رز کردە وە و سە رخوشیم لە کە س وخزمانی مردووە کە کرد کە بە پیوە وە ستا بوون. بەلام لە م هە لویستە ی من،
ئەوانەی‌تر کە بو پرسەکە هاتبوون و بە ژمارە شەست کەسیک دەبوون، هەروەک شتیکی زور ناقولایان بینیبی
سە یریکی منیان کرد و پاشان سە ریان بە نە غمە ی قورئان خویندنی تە سجیلە کە شورکردە وە. یە کیک لە وانە کە زور
بە و هە لویستە ی ئیمە، نارە حە ت بوو خوی پی نە گیرا و بە بونە ی جگە رە کیشانە وە بە رە و دەرە وە ی هولە کە ملی نا.
پاش نزیکەی کاتژمیریک بە هەمان دەستور هەلساین و دووبارە سەرخوشیمان کردە وە و هاتینە دە رە وە. کە سە
سەغلەتەکە کە دیاربوو تا ئەو کاتە هەر پیشی ئەخواردەوە، هات بو لامان. نارەحەتی خوی دەربری و ویستی
ئاموژگاریمان بکات کە گوایە ئەمە سوننەتی پیروزی باپیرانە و دەبیت پەیرەوی لیبکریت. منیش زور لە سەری
نە رویشتم و وتم: ئە وە ندە بە سە کە چە ند سە عاتیکم لە کاتی خوم گرتووە و هاتوم خاوە ن مردووە کە م بە سە رکردووە تە وە
کە ئەمەش ناوەروکی مەسەلەکەیە بو من. بەم کارەم ئەرکیکی کومەلایەتی خومم بەجی‌گەیاندوە و ریز و
هاوەدردی خوشم بو خاوەن مردووەکە دەرخستووە. ئیتر ئەوانی‌تر کە تو بە پیروزی دە زانی لای من مە سە لە یە کە کە
پیویستە نە مینی و دە بی لە ناوبچی.
وا بو نزیکەی ۱۵ سەدە ئەچیت کە ئەم سوننەتە ئایینی‌یە بەزوری شمشیر بەسە ر خە لکانی ناوچە ی روژهە لاتی
ناوە راست دا سە پینرا و لە وکاتە وە تا ئیستا بوتە سوننە تی باو و پیادە دە کری. وا نیشان دراوە ئە گە ر خە لک پە یرە وی
لە و سوننە تە کونە نە کا ئە وا مردووە کانیان عە زاب ئە چیژن و کە سیش مردوە کانیان بو حساب ناکات.
ئە گە ر یە کیک یان کومە لیک لیرە و لە وی بیانە وی دیواری ئە و سوننە تە بشکینن یان پە ردە ی راستی وبی مانایی
لە روو هە لمالن ئە وە بە رای ئایینی یە کان کاریکی نە شیاوە؛ خو لای توندرە وە کانیشیان کفریکی گە ورە یە و لیبوردنی
نیە؛ کفریک کە هە رە شە و کوشتن چارە ی دە کات.
زور دەمیکە ئەم سوننەتە وەکو هەموو سوننەتە ئیسلامیەکانی‌تر لای خەلکانی ناوچەکە بووەتە جی‌ی باس و
رەخنەلیگرتن. جا پیویست ناکات نوکتە و رووداوی سەیر و پیکەنین‌هینەر کە لە روژانی پرسە دا رووی داوە باس
بکەین. ئیتر باسی لایەنە مادی‌یەکەی با لەولاوە بوەستیت. ئەمانە و چەندەها و چەندەها بی مانایی‌تریش
لە وکاتە وە بە ردە وامن و مە علوم نیە خە لکانی مە ینە ت باری دە ستی ئە م سوننە تانە تا کە ی دە بی پیوە ی بتلینە وە.
هە ر لە سە ردە می "محمد"ە وە تا ئیستا هە ر سیستیم و دە ولە تیک، لە "عە باسی" و عوسمانلی یە وە تا دە ولە تە بە ناو
عیلمانیە کان، کە لە ناوچە کە دامە زراون، نە یانویستووە دە ستووری ئیسلام لە ناو فە رهە نگ و کلتوری خویاندا لابە ن. بو
نموونە جگە لە سعودیە و ئیران و ئە فغانستان و دە ولە تە کانی کە نداو، هە موو دە ولە تە کانی روژهە لاتی ناوە راست هە تا
ئە وانە ی باکووری ئە فریقاش بە دە ولە تی عیلمانی خویان لە قە لە م ئە دە ن بە لام لە گە ل ئە وە شدا کە بە رە سمی ئایینی
ئیسلام ریعایە ت ناکە ن بە لام لە فە رهە نگ و دە ستووری ئایینی نە براون. ئە مە ش مە سە لە یە کی سیاسی یە و تە نانە ت
مە سیحی یە ئە وروپاییە کانیش نانی پیوە ئە خون، ئە وە تا لە ئە وروپادا هە ر قوببە ی مزگە وتە و ملیونە ها دولار لوش
ئە دات.
هیچ جی ی سە رسورمان نی یە ئە گە ر بلیین زوریک لە وانە ی دە چنە پرسە، گالتە یان بە و ئایە تانە دیت کە لە دوای

"الفاتحه" ئه‌یخوینن، وه‌ک: "الحمد و قل هو الله". بو زور که‌س بووه‌ته جی‌ی پرسیار ئاخو ئه‌و ئایه‌تانه چ په یوه ندیه کیان به مردووه که و خاوه ن مردووه که وه هه یه؟ یان چ ئازار و ناره حه تیه ک له سه ریان که م ده کاته وه؟ دیاره مه‌سه‌له‌که زیاتر ده‌روونیه، ده‌نا نه‌ک جه‌وهه‌ری نییه به‌لکو ئه‌گه‌ر لیکیش بدریته‌وه هیچ په‌یوه‌ندیه‌کی وای به مردوویه‌کی بی ئاگا و خاوه‌نه‌که‌یه‌وه نی‌یه، بگره زیاتر مروف خه‌فه‌تبار ده‌بیت، به‌تایبه‌ت که ئه‌و ئایه‌تانه به ده نگیکی حزین ونزیک له گریان ده خوینرینه وه.

به‌پی‌ی هه‌موو به‌لگه زانستی‌یه‌کان ده‌رکه‌وتووه که کاتیک مروف ئه‌مریت، پاش چه‌ند ساتیکی که‌م، چه‌ند گورانیکی کیمیاوی به‌سه‌ر خانه‌کانی له‌شی‌دا دیت و پینج کوئه‌ندامه هه‌ستیاره‌که‌ی (بینین، بیستن، تام، بون، هه ست) له کار ئه که ون و مردووه که له دنیای ده ووبه ر بی ئاگا ئه مینیته وه، ئیتر ئه بی چ حیکمه تیک له ته لقین و فاتیحه و چه نده ها ئایاتی تریش دا هه بیت که مه لا ده ست و پی سپیه کانی پی ده وله مه ند ئه بیت؟!

به رای من تاکه ئالوزیه ک که له و ئایه تانه دا هه بیت ئه وه یه که خه لکانی غه یره عه ره ب ناچار کراون که قورئان هه ر به عه ره بی بخویننه وه (دیاره خویان واته نی گه ر وانه بی ئه وا پیروزیه که ی له ده ست ئه دات)، به لام له راستی دا مه سه له که پیروزی نیه، به لکو خوپاراستنه له تیگه یشتن و شیکردنه وه ی ناوه روکی ئایه ته کان. بو نموونه ئه گه ر (قل هو الله احد...) بکریته کوردی ئه‌بیته «خوا (که نیرینه) تاک و ته‌نیایه... له‌که‌س نه‌بووه و که‌سی لی نه‌بوه و که سیشی لی نابیت». ئه مه زیاتر له مه ته ل ئه چیت! من نا مه وی له ده رگای هه موو ئه و ئا یه تا نه بده م که چون و بوچی نووسراون وکی ی تر سودی لی وه رگرتوون. ئه مانه باسیکی گه وره ن، با بمینی بو کاتیکی تر یان له وانه یه ئه م مه سه له یه کون بووبیت و چه نده ها سه لمان روشدی، ته سلیمه نه سرین و عه زیز نه سین ی قالکردبیت، بویه لیره دا ویستم ته نیا په رده یه ک له سوننه ته دواکه و تووه کانی پرسه هه لبده مه وه.

که که سیک له خیزانیکدا ئه مریت، به شی خوی له خزم، که س و دوستان بوی ناره حه ت ئه بن، له به ر ئه مه پیکهینانی مه‌راسیم و پرسه‌ی سه‌رخوشی، جی‌ی خویه‌تی به مه‌به‌ستی ریزلینان له‌و مروفه ی که ژیانی خوی له ده ست داوه، هه‌روه‌ها سووک‌کردنی دلته‌نگی و ناره‌حه‌تی له سه‌ر دوستان و پرکردنه‌وه‌ی ئه و بوشایه ی که مردووه که له ژیانی کومه‌لایه‌تی خوی به‌جی‌ی هیشتوه. دیاره که ئه‌م کاره نه پیویستی به به‌شداری مه لا و نه سه‌روچاو کزکردن له به‌رده‌م ئایه‌ت خویندن‌دا هه‌یه! سه‌رخوشی ده‌بی بو دلدانه‌وه و که‌م کردنه‌وه ی ئه رکی مادی و مه عنه وی سه ر خاوه‌ن مردووه‌که بیت نه‌ک به پیچه‌وانه. پیم وانیه ئه‌مه کاریکی ئه‌وه‌نده گران بیت و له زاتی که سدا نه بیت که ئالوگوریک پیک بهینیت و پرسه گرتن له ناوه روکه کونه په رستانه که ی ده رکیشیت. له وانه یه هه ندیک بلین ئه مه به شورشیکی کومه لایه تی و دانانی سیستمیکی مودیرن ده کریت، به لام تا ئه و کاته چی بکه ین؟! خومان هه لخه له تینین و هه ر وا گیانی تازه بخه ینه به ر ئه و مه ینه تی یه؟

سه‌مه‌ره‌یه‌کی‌تر پرسه‌ی په‌ناهنده‌کانی ئه‌وروپا یان بلیین هه‌نده‌رانه، ئه‌وانه‌ی که له نیوان بوون ونه‌بوونی ئه‌و سوننه ته دا به رارا و بی بریار ماونه ته وه. زورجار خاوه ن پرسه خوی باوه ری به و جوره له پرسه گرتن نیه، به لام مل که چ ئه کا بو فشاری ئه و کلتوره کونه به پیروز راگیراوانه.

به رای من ریز له وه دایه که مروف له گه ل خوی و که سانی تردا درو نه کات، راستگوبیت و خه لک ته فره نه دات. من بیگومانم زوربه ی ئه وانه ی ده چنه پرسه جگه له مه لاو پیره کان، له بری "الفاتحه" یه ک ودوو ده ژمیرن، بویه من پیم شه رمه په یره وی له کلتوریک بکه م که بروام پی نیه و هه روه ها بیده نگی له دروکردن و خوهه لخه له تانیش بکه م.

***

# دوا رۆژگیرانی سەدەی بیست و خورافەگەران

سەردار عبدالله

وا مروفایه تی دوا ساته کانی سه ده ی بیست به سه ر ده بات و ده رگای سه ده یه کی نوی ی به روودا ئاوه لا ده بیت که سه ده ی بیست ویه که. سه ده ی بیست به ده ر له و تراژیدیا گه ورانه ی که به سه ر مروفایه تی دا هاتن، له وانه دوو جه نگی گه وره ی جیهانی و له ناوچونی ملیونان مروف، له برسا مردن و بلاوبوونه وه ی نه خوشیه کوشه نده کان و به کارهینانی چه کی ئه تومی و کومه ل کوژ و کاره ساته سروشتیه کان و... هتد که ئه مانه زیاتر په له یه کی ره شه به نیو چه وانی سیستیمه باو و حاکمه کان و روویه کی دزیوی ئه م سه ده یه ن، رووه گه شه که شی گورانکاری گه وره و پیشکه وتنی به رچاو بوو له بواره کانی زانست و تیکنولوژی و فه له ک ناسی...هتد. زوریک له نهینی یه شاراوه کانی گه ردوون دوزرانه وه... به ده یان سه ته لایتی گه وره (مانگی ده ستکرد) هه لدرانه ئاسمان، که شتیه ئاسمانیه کان قوولایی ئاسمانیان ته ی کرد و جووله ی زوریک له هه ساره کان خرانه ژیر چاودیری مروفه وه. هه رچه ند ئه م پیشکه وتنانه له چاو میژووی زانست و توانایيه کانی مروف که میان هیناوه، زاناکانی سه ره تای چه رخی بیست پیشبینی زیاتر و گه شبین تر بوون له وه ی که ئیستا به دی هاتووه.

دوا دیارده ی به رچاوی گه ردوونی کوتایی سه ده ی بیست، گیرانی ته واوی خور بوو له مانگی ئوگستی ۱۹۹۹دا، که پیشتر به ماوه یه کی زور هه والی ئه و دیارده یه له میدیاکان دا بلاوکرایه وه و ئاماده یی ته واوی بو وه رگیرا و چه ندین توژینه وه ش له کاتی روودانی ئه و دیارده یه دا به ریوه برا که له کاتی ئاساییدا نه ده کرا به ریوه بچیت.

دیاره دیارده ی روژگیران ته نها جاریک له میژوودا رووی نه داوه و روونادات، به لکو له کونه وه مروف پی ی ئاشنایه. یونانیه کان، فه له ک ناسه عه ره به کان و فیرعه ونه کان ده ستیکی بالایان له فه له ک ناسیدا هه بووه له وانه دیارده ی مانگ و خورگیران. به لام به هوی ده ست رانه گه یشتنی مروفی کون به ده سکه وته زانستی یه نوی کان، به شیوه ی جوراوجور دیارده ی مانگ و خورگیرانیان لیک ده دایه وه و به رگی خورافه و مه زهه بیان به به ردا ده کیشا، وه ک ئه وه ی له کومه لگای ئیسلامیدا ره واجی هه بوو که گوایه خودا به هوی فاسید بوونی کومه لگاوه غضب ده بارینی، و قودره تی ئیلاهی خوی نیشاندان ئه دات، تا ئه و خه لکه ی که رووی له دین و فه رمانه کانی ئه و وه رگیراوه، په شیمان ببنه وه و دووباره رووبکه نه وه ئه و.

دیاره وه ک ئاماژه ی پی کرا، که به هوی نامو بوونی مروفی کون له جیهانی ده روبه ری و نه دوزینه وه ی بنه ما سه ره کیه کانی زانست، خورافه و جادووگه ری سه ری هه لدا. مه زهه بیش وه ک دریژه پیده ریکی ژیرانه ی هه مان ریچکه و پیغه مبه رانیش وه ک که سانی خورافه گه ری سیاسی و به ئوتوریته ی سه رده مه کانی خویان ده رکه وتن. هه ر بویه به سه رهه لدانی زانسته کان گلوله ی خورافه گه ری و مه زهه ب که وته لیژی و ده ورانی سه رهه لدانی پیغه مبه ره کانیش به سه رچوو. هه ر بویه مه زهه ب به دریژایی میژووی به خاتری مانه وه ی خوی کاری ململانی و دوژمنایه تی کردنی ماتریالیزم بووه که بنچینه که ی زانست بوو. فشارخستنه سه ر گالیلو و مه حکوم کردنی به مه رگ و پاشگه زکردنه وه ی له دوزینه وه زانستیه کانی له لایه ن که نیسه وه... ئه مه و چه نده ها قوربانی تری ده ستی مه زهه ب... تا ده گات به بیزاری و ناره زایی مه سیحیه ت و مزگه وت و تاقمه ئیسلامیه کان له دژی تاقیکردنه وه کانی هه نده سه ی وراثی (جینی) سه باره ت به فوتوکوپی کردنی گیانله به ران.

به هه ر حال ئه وه ی لیره دا جی ی باسمانه، ئه وه یه له کاتیکدا میدیاکان سه رقالی بلاوکردنه وه ی دوا گورانکاریه کانی دیارده ی روژگیران بوون، له ته له فیزیونه کانه وه ده مان بینی که زانا و فه له ک ناسه کان میزگه رد و لیکولینه وه ی زانستی ریک ده خه ن و ده یان و سه دان ته لیسکوپی گه وره و بچوک روو له ئاسمان کراوه و چرکه یه ک چی یه به فیرو

نادريت! به لام كاتيك سه ره هاته سه ر "كه نالى سه ته لا يتى كوردوستان" KURDISTAN-TV به شيوازى تايبه تى خويان ئه و ديارده يه يان به رى كرد كه له گه ل بارودوخى سياسى و ئه قليمى ناوچه كه دا بگونجيت! له برى ئه وه ى ئه و به‌رنامه‌يه‌ى كه بو ئه‌و مه‌به‌سته ئاماده‌يان كردبوو، تايبه‌ت بيت به كه سانى فه له ك ناس و شاره زا و ليزان، به شيوازيكى مه زهه بى و كلتوورى دواكه وتوو كه وتنه به سه ركردنه وه ى ته كيه و خانه قا و مه لاكان كه به ده ف و ته نه كه كوتان، حى الله و ته‌زبيحات كردن به رووى خورگيرانه‌وه چوون، به جوريك كه نه‌ك هه‌ر ئينسان به‌لكو ئه‌و شه پولانه ش كه له قوولايى ئاسمانه وه په خش ده كرانه وه خه جاله تيان ده كيشا كه ئه وان ده سكه‌وتيكى زانستن، به لام وا ئيستا جه هل وخورافه يان داوه به كوليان دا!

پيده چيت ئه و به ريزانه له نيوان زاناى واقيعى و زاناى دوانزه عيلمى ئيسلاميدا جياوازيه ك نه كه ن و پرس و راويژ هه ر به وه ى دووه ميان بكه ن، يان ده شى لايان وابى له به ر ئه وه ى خه لكى كوردستان له پيناسه كانيان نووسراوه (مسلم) ئه و ئايه تانه ى مه لاكان ئه يخوينن ئه وا به يه ك ده نگ ده لين "ئامين".

حاله تيكى تر ئه وه يه كه پيده چيت "كه نالى سه ته لايتى كوردستان" له پروسيسيكى ديموكراسيانه دا حيسابى كورسيه كانى په رله مانى له ته حكومه ته كه ى هه ريمى كردبيت، كه چه ندكورسى په رله مان مه لاو مه زهه بى له سه ره، به و پى يه ش له به رنامه ى زانستيدا به شيان هه بيت، جا له برى زانست ده ف و ته نه كه ى تياده كوتن و له برى زاناى واقيعى زاناى دوانزه عيلمى ئيسلامى قسه ى تيا ده كات، ديموكراسيته و مافى مه ده نى و سروشتى خويانه.

به لى وا كوتايى سه ده ى بيسته. هه گبه ى رووداوه كان خه ريكه به ته واوى ده پيچرينه وه و ده خرينه ميژووى سه ده يه كى رابردووه‌وه. جا بويه ستايش و سه‌روه‌رى بو كه‌سانى داهينه‌ر و بليمه‌ته كه خزمه‌تيان به كاروانى زانست ومروفايه‌تى كردووه.

جا بويه له م نيوه دا به خاترى ميژوو و توماركردنى رولى زانا مه زهه بى يه كان و مينبه ره كانيان له خزمه ت "زانست" دا، گرنگى خوى هه يه له پال سه ته لايت، تيليسكوپ و كومپيته ركاندا .. ده ف و زيكر و ته زبيحاتى ئه وانيش بو ميژوو تومار بكريت، ته نها به خاترى ميژوو، به خاترى ئاگادارى نه وه كانى سه ده ى داهاتوو، تا سه ريك بابده ن و بزه يه ك بيان گريت!

❊❊❊

هه‌وڵنامه‌ی كتێب